# ڕەهەندی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە

# پەندی پێشینانی کوردیدا

بە نموونەی (پەندی پێشینان)ی شێخ محەمەدی خاڵ

خێڕالله دەحۆ عبدالله



٢٠٢٥

# ڕەهەندی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە پەندی پێشینانی کوردیدا

به نموونەی (پەندی پێشینان)ی شێخ محەمەدی خاڵ

خێرالله دەحۆ عبدالله

٢٠٢٥زایینی

٢٧٢٤کورد

# ناسنامەی توێژینەوە

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | ڕەهەندی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە پەندی پێشینانی کوردیدا بە نموونەی (پەندی پێشینان)ی شێخ محەمەدی خاڵ |
| ئامادەکردن | خێرڵلە دەحۆ عبداللە |
| بابەت | توێژینەوەی ئەدەبی |
| بەرگ و پێداچوونەوە | ئاشنا فەرزندە |
| هەڵەچنی | ئاری یاران |
| ساڵی دەرچوون | ٢٠٢٥ |


بۆ هەر سەرنج و تێبینییەک گەورەمان دەکەن:

**Kherulla Daho**

**Kherulladaho9@gmail.com**

# سوپاس و پێزانین

- سوپاسی بێپایانی دکتۆر و برای زێدە ئازیزم (کەیفی موحەممەد عەزیز) دەکەم، ناوبراو لە پێدانی فکرەی بابەتەکە و سەرچاوەکان یارمەتیدەرم بوو.
- کاکە (ئاری یاران) ئەرکی هەڵەچنی توێژینەوەکەی لە ئەستۆ گرت، بەو پەڕی دڵسۆزیەوە یارمەتیدام.
- خاتوو (ئاشنا فەرزندە) هەمیشە هاوکارم بوو لە توێژینەوەکە، ئەرکی پێداچوونەوەی لە ئەستۆ گرت، بەو پەڕی توانا و دڵسۆزییەوە ڕێنیشاندەرم بوو، هەمیشە سوپاسی (هاندانەکانی، ماندووبونی، ڕێنمایی، سەرنج و تێبینییەکانی) دەکەم.
- سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بە سەرنج و تێبینییەکانیان، یان لە وەرگێڕانی بابەتەکان هاوکارم بوون.

# پێشکەشە بە

- دایکم سیمبولی ژیانم.
- برای خۆشەویستم (کەیفی موحەممەد عەزیز).
- ڕوحی پاکی شاعیری نیشتیمانپەروەر (هێمنی موکریانی).
- هەموو ئەوانەی فۆلکلۆریان خۆش دەوێت و خزمەت بە فۆلکلۆری کوردی دەکەن.

## پێشەکی

ئەدەب و کۆمەڵگا دوانەیەکی لێکگرێدراون، کەم بەرهەمی ئەدەبی هەیە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا نەبێت، یان کاریگەریی کۆمەڵگای لەسەر نەبێت. چونکە ئەدەب بە درێژایی مێژوو ڕەنگدانەوەی بابەت و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا بووە. پەندش کە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە, وەک هەر بەرهەمێکی دیکە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی لەخۆیدا گلداوەتەوە، لێرەدا ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و وردبوونەوەیەک لە هزرییەتی پەند کە چۆن پەنبێژان ڕوانیویانەتە دیاردە و کێشە کۆمەلایەتییەکان و مامەڵەیان لەگەڵ کردوون. بەمەش هەنێک لەو پەندانەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان تێدا زاڵە لە کتێبی (پەندی پێشینان)ی شێخ محەمەدی خاڵ. لە چوارچێوەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی شیدەکەمەوە.

### ناونیشانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ڕەهەندی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە پەندی پێشینانی کوردیدا) بە نموونەی (پەندی پێشینان)ی شێخ محەمەدی خاڵ.

### سنووری توێژینەوە:

سنووری توێژینەوەکە دیاریکراوە، لە ڕووی تیۆرییەوە لە چوارچێوەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دایە، وە لە ڕووی پراکتیکیشەوە لە چوارچێوەی کتێبی (پەندی پێشینان)ی شێخ محەمەدی خاڵدایە.

## ڕێبازی توێژینەوە:

بەشێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەیەدا سوودم لە ڕێبازی وەسفی – شیکاری وەرگرتووە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لە ئەدەبی کوردی لێکۆڵەران زیاتر ڕوویان کردۆتە سەر ژانرە ئەدەبییەکان بە گشتی و ڕۆمان و شیعر بە تایبەتی، کەمتر ژانرەکانی تر دەبینرێت. بۆیە بە پێویستم زانی جیاواز لەوان ڕوو بکەمە پەندی پێشینان، چونکە زۆر دەمێکە پەند پەراوێزخراوە، هەر بۆیە بە گرینگی دەزانم جارێکیتر بیخەمەوە ناو جیهانی ئەدەبیات. ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیوەستە بە فەزای ڕەخنەیی لە پەندی پێشینانی کوردیدا.

نەبوونی هیچ هەوڵێک لەمبارەیەوە لە کتێبخانەی کوردی، هۆکاری سەرەکیی بوو کە وایکرد ئەم ناونیشانە هەڵبژێرم و کاری لەسەر بکەم.

لەلایەکی تر گونجان و بەیەکەوە پەیوەستبوونی بابەتە هۆکارێکی گرینگ بوو کە وایکرد ئەم کارە ئەنجام بدەم، چونکە پەندی پێشینانی کوردی پەیوەندییەکی پتەوی بە ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بۆیە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە زۆر پێویست بوو.

بۆ لایەنی هەڵبژاردنی دەقیش هەڵبەتە سەرچاوەی تریش هەیە، کە ئاماژەیان بە پەندەکان کردووە، یان پەندەکانیان کۆکردۆتەوە، بەڵام سەرچاوەکەی (شێخ محەمەدی خاڵ)م بەباشتر زانی، ئەمەش بۆ زمانی نووسین و شیکردنەوەی پەندەکان دەگەڕێتەوە.

## گرینگی توێژینەوە:

مەبەســـتی ئەم توێژینەوەیە، دیاریکردن و چۆنیەتی ڕەخنەگرتنە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، لە پەندی پێشـــینانی کوردیدا. هەروەها مەبەســـتێکی تری گرینگی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە شـــیکردنەوە و لێکـدانەوەی پەنـدی پێشـــینـانی کوردی. هەوڵێکی نوێیە بۆ خوێنـدنەوە و شـــیکردنەوەی پەندی پێشـــینانی کوردی بەپێی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، چونکە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەدوای پەیوەندیی ئەدەب و کۆمەڵگادا دەگەڕێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەدەب ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایە. ئەم تیۆرە ڕەخنەییە زۆر چالاکە لە بەیەکەوەبەستن و دانەبڕانی هەر سێ لایەنی ئەدەب کە (نووسەر، خوێنەر، دەق) دەگرێتەوە. ئەوەی زۆر گرینگە لەم تیۆرەدا ئەوەیە کە دەق لە خاوەنەکەی دانابڕێت، وەکو پردێک دەیانبەستێتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەدەب دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەژێر کاریگەریی کۆمەڵگادایە.

## کێشەی توێژینەوە:

گرفتی سـەرەکی توێژینەوەیەکە بریتییە لە نەبوونی سـەرچاوە لەبارەی شیکردنەوەی پەندەکان، ئەم توێژینەوەیە بەبێ شـــیکردنەوەی پەندەکان لاواز دەبوو، بۆیە کاتێکی زۆری ویســـت تاکوو پەندەکان شـیبکەمەوە و لەبارەیان بنووسـم. هەڵبەتە شـێخ محەمەدی خاڵ لەبارەی مەبەسـتی پەندەکانەوە، زۆر بە کورتی دواوە، بەڵام شیکردنەوەکەی لە ڕستەیەک یان دوو ڕستە پتر نییە، بۆیە ئەم شـــیکردنەوەیە چارەســـەری گرفتەکەی نەدەکرد، چونکە بەشـــێک لە پەندەکان لایەنی ئەرێنی و نەرێنییان هەیە، واتە لە هەردوو کاتی (باشە و خراپە) بەکاردێن.

## کەرستەی خاوی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە دەق دەکۆڵێتەوە، کەرستەی خاوی توێژینەوەکەش ئەو دەقانەن کە بوونەتە سامانێکی گەورە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی. کەوایە نموونەکانی بەشی پراکتیکی لە پەندی پێشینانی کوردی وەرگیراون، لە ناویاندا پەندی پێشینانی شێخ محەمەدی خاڵە.

## پەیکەری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمیان لایەنی تیۆری میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، کە لەم بەشەدا سەرنج دەخەمە سەر چەند بابەتێکی گرینگی وەکو: میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، چییەتیی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، گرینگی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، کەموکوڕییەکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ...هتد.

لە بەشی دووەمدا لایەنی تیۆری پەندی پیشینان لەخۆدەگرێت، چەند بابەتێکی گرینگ لەبارەی پەندی پێشینان دەخەمەڕوو، وەکو: پەندی پێشینان، چۆنییەتی دروستبوونی پەندی پێشینان، گرینگی پەندی پێشینان، تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینان ...هتد.

لە بەشی سێیەم و کۆتایی کە بەشی پراکتیکی توێژینەوەیە، تیایدا سەرچاوەی (پەندی پێشینان)ی شێخ محەمەدی خاڵ بەپێی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی شیکراونەتەوە، لەم بەشەدا چەند پەندێکی پێشینان وەرگیراون کە ئایدیای ڕەخنەی کۆمەڵایەتی تێدا زاڵە. لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

## تیۆری میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

## دەروازەیەک بۆ میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا قوتابخانەی فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا جۆرێک لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لەدایکبوو، وە ئەو بیرۆکە فەلسەفییە وەک ئامرازێک بۆ دەستنیشانکردن و تێپەڕاندنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کاری دەکرد. لەژێر کاریگەریی **کارڵ مارکس** و **سیگمۆند فرۆید**، تیۆریستە ڕەخنەگرەکان لە قوتابخانەی فرانکفۆرت، وەک **یورگن هابرماس** و **تیۆدۆر ئەدۆرنۆ**، پێیانوابوو کە فەلسەفە ئامانجی بەدەستهێنانی زانست نییە، بەڵکوو مەبەستی بەکارهێنانی زانستە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە ستەم. بیرمەندانی فەلسەفە، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، دەروونناسی، لێکۆڵینەوەی کولتووری و یاسا لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تیۆری ڕەخنەییان بەکارهێناوە. **تیۆری ڕەخنەی ڕەگەزی**[1] و تیۆری جێندەرییان پەرەپێداوە بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگا و گرووپە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان. هەندێک لە تیۆریستە ڕەخنەگرەکان فۆرمەکانی گوتار ئەکادیمی بە تەواوی ڕەتدەکەنەوە و سەرنجیان لەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکانی جیهانە نەک باسە تیۆرییەکان. [2]

میتۆدی کۆمەڵایەتی لە ڕەخنەدا کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی ڕەخنەیی گرینگی داهێنا، وەک: (هونەر بۆ کۆمەڵە) و (پەیامی ئەدەب) و (پەیامی هونەر) و (ئەدەبی پابەند) و (ئەدەبی شۆڕشگێری) و (ڕیالیزمی ڕەخنەیی) و (ڕیالیزمی سۆشیالیستی) هەمووشیان ئاماژە بە پەیامی ئەدەب و ئەدیب دەکەن و ئامانجیان بانگەوازیکردنە بۆ ئەوەی ئەدەب کورت نەکرێتەوە بۆ چالاکی تایبەت بە مەسەلە تاکەکەسییەکان، بەڵکوو دەبێت ڕۆڵ و بەشداریی هەبێت لە

---

1 . تیۆری ڕەگەزی ڕەخنەیی تەمەنی زیاتر لە ٤٠ ساڵە. بیرۆکەی سەرەکی ئەوەیە کە ڕەگەز بونیادێکی کۆمەڵایەتییە، وە ڕەگەزپەرستی تەنیا بەرهەمی لایەنگری تاکەکەسی یان پێشوەختەیی نییە، بەڵکوو شتێکە لە سیستەم و سیاسەتە یاساییەکاندا چەسپاوە. تیۆری ڕەگەزی ڕەخنەی زۆرجار لە چوارچێوەی ئەکادیمیدا بە "تیۆری ڕەگەزی ڕەخنەیی " (CRT)ناودەبرێت، ڕێبازێکە لە ڕەخنەی ئەدەبی و کولتووریدا کە لێکۆڵینەوە لە ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی دەکات.

دەتوانن لەم بەستەرەی خوارەوە زیاتر لەو بارەیەوە بخوێننەوە:

(https://www.edweek.org/leadership/what-is-critical-race-theory-and-why-is-it-under-attack/2021/05)

2 . https://www.masterclass.com/articles/social-criticism#7gOROEto8ZLTr64DWjFZiw

پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵ و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانیدا. (بەسام قەطوس، کۆمەڵێک وەرگێر: ٤٤).

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەک هەر تیۆرێکی تری ڕەخنەیی ئەرکی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبییە. لەڕووی مێژووییەوە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پەیوەستکراوە بە میتۆدی ڕەخنەی مێژووییەوە، چونکە ئەم دوو میتۆدە سەرەتای کارکردنیان بەیەکەوە بووە، یان میتۆدێک بووەتە هۆی سەرهەڵدانی میتۆدێکی تر. بۆیە دەگوترێ "مێژووی سەرهەڵدانی ئەم میتۆدە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ باسکردنی مێژووی سەرهەڵدان و زەمینەی مەعریفی و میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی، چونکە لە دیدی هەندێک لە توێژەر و ڕەخنەگرانەوە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە منداڵدانی ڕەخنەی مێژووییدا لەدایکبووە، یان بەشێکە لە ڕەخنەی مێژوویی"(کارزان کریم أمین، ٢٠٠٩: ٢٧) هەر بۆیەش شێواز و پەیوەندیی نزیکیان بەیەکەوە هەیە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دوای فراوانبوون و گەشەسەندن، لە میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی جیابۆتەوە، پاشان بەشێوەیەکی تر بەردەوامبووە. سەرەتای کارکردنی ئەم میتۆدە بە هاوبەشی بووە لەگەڵ میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی، هەر بۆیەش وەک بەشێک لە ڕەخنەی مێژوویی سەیرکراوە، هەروەها "پەروەردەکەر و دروستکەری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ڕەخنەی مێژوویی بووە"(ئاوارە کەمال سالح، ٢٠١٢: ٤) ڕەخنەی مێژوویی زەمینەیەکی باشی بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی چەسپاند.

دکتۆر حەمە مەنتک پێیوایە ئەم میتۆدە هاوتا لەگەڵ میتۆدی ڕەخنەی مێژووی و دەروونی دروست بووە، بە واتایەکی تر میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی شێوەیەکی نوێی میتۆدی ڕەخنەی مێژووییە، لەهەمبەر ئەمەشدا دەڵێت: "ئەم میتۆدە شێوەیەکی نوێی میتۆدی مێژووییە بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقی ئەدەبی. لەگەڵ میتۆدی دەروونی دەتوانین بە (مێژووخوازی نوێ) ناویان ببەین. ئەم میتۆدە گرینگی بە پەیوەندی نێوان دەقی ئەدەبی و کۆمەڵگا دەدات"(حەمە مەنتک، ٢٠١٨: ٦٦) کەوایە نووسەر لە دۆخێکی کۆمەڵایەتیدا دەژیێت و بوونێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بیر

و ئایدۆلۆژیای نووسەر ڕەهەندی کۆمەڵایەتی هەڵدەگرێ، بەمەش دەتوانین بڵێین نووسەر لەژێر کاریگەری کۆمەڵگا دایە و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیش زاڵن بەسەریدا.

هەروەها سەرهەڵدانی ئەم میتۆدە بۆ کۆمەڵێک هۆکار و کێشە و گرفتی ناو کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە، کە ئەمانەش بەپێی سەردەمەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. هەروەک دیارە "ئەو لایەنە گرنگەی پێویستە لە سەرهەڵدانی ئەم میتۆدە ڕەخنەییە بیزانین. ئەوەیە کە توانیویەتی دوو چەمکی هەستیار و زیندووی پەیوەست بە ژیانی تاک و کۆمەڵەوە گرێ بدات، کە ئەدەب و کۆمەڵگەیە."(ئاوارە کەمال سالح، ٢٠١٢: ٤١). کەوایە تاک و کۆمەڵگا، یاخود ڕوونتر بڵێم ئەدەبیات و کۆمەڵگا پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە، بەجۆرێک تەواوکەری یەکترن و بەبێ یەکتر نابن، گومان لەوە ناکرێت، کە ئەدەبیات ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایە، هەر بۆیە ئەدەبەکان لە یەکتریەوە جیاوازن، چونکە خاوەنی کۆمەلگا و کولتوور و قۆناغی جیاوازن، هەر کۆمەڵگایەک بە بارودۆخێک تێدەپەڕێت. نووسەریش ڕەخنەی لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دەگرێ کە نامۆیی یان نەشازی لە کۆمەڵگادا هەیە.

زۆر فەیلەسووف و ڕەخنەگر لەبارەی لایەنی کۆمەڵایەتییەوە قسەیان کردووە، یەکەم ڕەخنەگر فەیلەسووفی یۆنانی (ئەفلاتوونە). هەروەها دەرکەوتنی ئەم میتۆدە لە ئەوڕوپا بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە، کتێبەکەی **مادام دی ستایل** لە پێشەنگی ئەو کتێبانەیە کاریگەریی هەبووە لەسەر ڕێبازەکە، **مادام دی ستایل** لە ساڵی (١٧٦٦-١٨١٧) کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناوی (ئەدەب گوزارشتکردنە لە کۆمەڵگا) دواتریش ئەم بۆچوونە زۆر پەرەیسەند لای ڕەخنەگرانی تر. (کارزان کریم أمین، ٢٠٠٩: ٢٨) سەرهەڵدانی ئەم میتۆدە ڕەخنەییە پەیوەستە بە واقیعی کۆمەڵگاوە بە واتایەکی تر "ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بوونی نابێت تەنیا لە زەمینەی واقیعی کۆمەڵدا نەبێت"(ئاوارە کەمال سالح، ٢٠١٢: ٤٣) ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بەهێز پەیوەندیی بە دیاردە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە هەیە، چونکە لە ئەنجامی دیاردەکانەوە پەیدا دەبێت.

جگە لەوە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی **عەلمـانی** کـاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەســـەر ڕەهەنـدە کۆمەڵایەتییەکان، ســەرهەڵدانی ئەم فکرەیە لانیکەم بۆ ســەردەمی ڕۆشــنگەری دەگەڕێتەوە، لە ســەدەی ١٧ و ١٨. لەم ماوەیەدا فەیلەسـووف و نووسـەران و ڕۆشـنبیران و هونەرەکانی دیکە تەحەدای شـــێوازە تەقلیدییەکانی بیرکردنەوەیان دەکرد و داوای عەقڵانییەتی زیاتر و ئازادی تاکیان دەکرد. ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەشێکی گرینگی ئەم بزووتنەوەیە بوو، بەو پێیەی بیرمەندان هەوڵیان دەدا لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ســیاســییەکانی ســەردەمی خۆیان تێبگەن و ڕێگاکانی باشترکردنی کۆمەڵگا دەستنیشان بکەن.

کەسـایەتییەکی سـەرەتایی ڕۆشـنگەری، فەیلەسـووفی سـەدەی ١٧ی هۆڵەندی (**باروچ سـپینۆزا**) بوو، کە بە ڕەخنە لە دەسـەڵاتی ئایینی و سیاسـی دەگرێت، یارمەتی دەسـتپێکردنی ڕۆشـنگەری **ڕادیکاڵ**[3] بوو. سپینۆزا لە بەرهەمە سەرەکییەکەیدا بە ناوی "ئەخلاق" ئاماژەی بەوە کردووە کە تاکەکان دەبێ ئازاد بن لە بیرکردنەوە و مامەڵەکردن بەو شـــێوەیەی کە خۆیان بە گونجاو دەزانن، بە مەرجێک زیان بە کەسـانی دیکە نەگەیەنن. سـەرەڕای ئەوەش، سـپینۆزا ڕەخنەی لە پێکهاتە سـیاسـییەکانی سـەردەمی خۆی گرت، لەوانە کۆماری هۆڵەندی و مامەڵەکردنی لەگەڵ کەمینە ئایینییەکان، وەک جولەکەکان. ئەو پێیوابوو کە دەوڵەت دەبێ عەلمانی بێت و دەسـەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی دیکتاتۆری بڕیاری سیاسییەکان نەبێت.

یەکێکی دیکە لە کەسـایەتییە سـەرەکییەکانی سـەردەمی ڕۆشـنگەری، فەیلەسـووف و نووسـەری سیاسـی فەڕەنسی **ژان ژاک ڕۆسۆ** بوو، کە کاریگەری لەسـەر شۆڕشی فەڕەنسا هەبوو. ڕۆسۆ لە بەرهەمەکانی وەک "گرێبەســـتی کۆمەڵایەتی"دا ئاماژەی بەوەدا کە نەزمی کۆمەڵایەتی هەبوو

3 . **ڕادیکاڵ** بە هەموو ئەو بزووتنەوە و بەرنامانە دەوترێ کە دەیانەوێ واقیعێکی دیاریکراو لە ڕیشــەوە بگۆڕن، پێشــتر (لیبراڵ)یش ئەو مانایەی هەڵدەگرت، بەڵام ئێســـتا ئەو مانایە هەڵناگرێت. یەکەم جار (جەیمس نۆک ١٧٩٧) لە بەریتانیا بەکاریهێنا، داوای چاکسازی قووڵی کرد، بەڵام نەگاتە ڕادەی سۆشیالیستی، پاشان تەشەنەی کرد.

ناڕەوایە و کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیتر و یەکسانتر پێویستە. هەروەها لەسەر پەروەردەیان نووسیوە، کە ڕەخنەیەکی کاریگەرە لە بیرۆکە پەروەردەییەکان، لە سەردەمی ئەودا باو بوون. ڕۆسۆ لە کتێبی "ئیمیل"دا باس لەوە دەکات کە پێویستە ڕێگە بدرێت منداڵان بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکەن، بەبێ ئەوەی بخرێنە ژێر سنوورەکانی پەروەردەی نەریتی. بیرمەندانی تری ڕۆشنگەری فەڕەنسی، وەک دێنیس دیدێرۆ و ڤۆڵتێر، خەریکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بوون و بیرۆکەی تەقلیدییان سەبارەت بە ئایین و حکوومەت و کۆمەڵگا تەحەدا دەکرد. بەرهەمەکانیان یارمەتیدەر بوون بۆ پێشخستنی بیرۆکەی نوێ سەبارەت بە مافی تاک و ئازادی قسەکردن و گرینگی عەقڵ و زانست.

بە پێچەوانەی ڕۆشنگەری فەڕەنسی، ڕەخنەگرانی کۆمەڵایەتی سەدەی ١٨ لە بەریتانیا و ئەمریکا تا ڕادەیەکی زۆر ڕوانگەی سیاسییان هەبوو، زۆرجار بەشێوەیەکی کەمتر ڕەخنەیان لە ئایین دەگرت. لەنێو ئەمانەدا **جۆن لۆک** و **ئادەم سمیس** هەبوون. لۆک فەیلەسووفێکی ئینگلیزی بوو کە بانگەشە بۆ مافەکانی تاک دەکرد، لەوانە مافی ژیان و ئازادی و خاوەنداریێتی. هەروەها ڕەخنەی لە دەسەڵاتی پاشایەتی ڕەها گرت و بانگەشە بۆ حکوومەتی سنووردار دەکرد. سمیس ئابووریناسێکی سکۆتلەندی بوو کە بە باوکی ئابووری مۆدێرن دادەنرێت. لە کتێبی "سامانی گەلان"دا، ڕەخنەی لە بازرگانیی گرتووە، کە تیۆرێکی ئابووری باو بوو لەو سەردەمەدا و بانگەشە بۆ بازرگانی ئازاد و دابەشکردنی کار دەکات.

**ماری وۆڵستۆنکرافت** یەکێکی دیکە بوو لە ڕەخنەگرانی کۆمەڵایەتی، ڕەخنەگرێکی بەرچاوی بەریتانی بوو لەو سەردەمەدا. لە کتێبی "بەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەتان" ڕەخنەی لە مامەڵەی ژنان لە کۆمەڵگادا گرتووە و بانگەشە بۆ پەروەردە و یەکسانییان دەکات.

لەنێو ناســراوترین ڕەخنەگرانی کۆمەڵایەتی ئەمریکیدا **بنیامین فرانکلین** و **تۆماس پێین** بوون کە بیرۆکەکانیان کاریگەر بوون لە ڕەوایەتیدان بە شۆڕشی ئەمریکا. [(4)]

کەوایە دەتوانین بڵێین لە کۆی ئەو تێگەیشـــتنانەی لەبارەی ســـەرەتا و مێژووی ئەم میتۆدە ڕەخنەییە هەیە، ئەوەیە کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لەدوای ڕەخنەی مێژووییەوە دروســـت دەبێت، دواکەوتوویی و لایەنی خراپی کۆمەڵایەتی کاریگەریی زۆری دەبێت بۆ ســـەرهەڵدانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەرکی ئەم ڕەخنەیە لێکۆڵینەوەیە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆی.

---

بۆ خویندنەوەی زیاتری ئەم بابەتە سەردانی ئەم بەستەرەی خوارەوە بکەن:

4 . https://library.cityvision.edu/why-you-should-care-about-social-criticism

## چییەتیی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەک هەر میتۆدێکی دیکەی ئەدەبی ئەرکی شـــیکردنەوە و هەڵســـەنگانـدنی دەقی ئەدەبییە. وە یەکێکە لە میتۆدە هەرە گرینگەکـانی ڕەخنەی ئەدەبیی. بیرۆکەی ئەم میتۆدە لەوەوە سـەرچاوە دەگرێت، کە دەق بە کۆمەڵگا و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانێت.

ئەم میتۆدە هەوڵی ئەوە دەدات کە ''ئەدەب و کۆمەڵگـا بەیەکەوە پەیوەســـت بکـات و ئەوە بخاتەڕوو ئەدەب ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بەگشتی و نووسەر بە تایبەتییە، بۆیە لەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە، کە ئەدەب بە کۆمەڵگاوە دەبەسـتێتەوە و هەوڵی ڕونکردنەوە و شـــیکردنەوەیان دەدات و ســـەرئەنجام ئەدەب بە زادەی کۆمەڵگا و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێت کە وابەســـتەی کۆمەڵگایە"(ئاســـۆ عومەر مســـتەفا، ٢٠١٩: ٢٣٢) ئەدەب و کۆمەڵگا پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە، بەشێوەیەک لەیەکتر جیاناکرێنەوە. گەر سەیری ئەدەب و واقیعی کۆمەڵایەتی بکەین، دەبینین ئەوەی لە کۆمەڵگا هەیە و ڕوویداوە یان ڕوودەدات لە ناو ئەدەبییاتیادا ڕەنگ دەداتەوە. جیاوازی ئەدەبەکان لەیەکتر بۆ جیاوازی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە، چونکە هەر کۆمەڵگایەک کولتوور و یاسـای خۆی هەیە بەپێی بنەمای خۆی بەڕێوەدەچێت، هەر شـــتێک لەو کۆمەڵگایە ڕوودەدات ئەشـــێ لەو ئەدەبەدا بەدەربکەوێ. جگە لەوە دواکەوتن و پێشکەوتنی ئەدەب پەیوەستە بە کۆمەڵگای خۆیەوە، هەر کۆمەڵگایەک پێشکەوتووبێت لەڕووی ئەدەبیشـــەوە پێشـــکەوتووە، بە پێچەوانەشـــەوە ڕاســـتە. ڕەخنەی کۆمەڵایەتی جیاوازتر لە ڕەخنەکانی تر دەقی ئەدەبی لە خـاوەنەکەی دانـابڕێت، بەدەر لەوە دەیخـاتە نـاو چوارچێوەی بابەتەکە، ئەمەش یەکێکە لە نیشانە هەر گرینگەکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی.

زۆرجـار جگە لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی نـاوی تریش بۆ ئەم تیۆرە ڕەخنەییە بەکـارهـاتووە، هەروەک حەمە مەنتک دەڵێت "ئەم میتۆدە بە ڕەخنەی سۆسیۆلۆجیا و سۆسیۆلۆجیای ئەدەبیش دەناسرێت"(حەمە مەنتک، ٢٠١٨: ٦٧) لە زمانی کوردیدا جگە لە وشـەی سـۆسـیۆلۆجیا وشـەی

سۆسیۆلۆژیاش بەکاردێ. لە زمانی ئینگلیزیشدا بۆ خودی ڕێبازی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی (Social Criticism) بەکاردێت.

**پێربار پێرس** بیرۆکەی ئەم میتۆدە ڕەخنەییە بەوە ناوزەند دەکات کە ئەو تیۆرەیە ئەدەب بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێت. لە هەمبەر ئەوەشدا نووسەر ئەو بەرهەمە ئەدەبییە بۆ خۆی بەرهەمناهێنێت، بەڵکوو بۆ کۆمەڵگایەی بەرهەمدەهێنێت (کەمال مەعروف، ٢٠١٢: ٢٣) نووسەر لە دڵناسکی و خەمخۆریی خۆیەوە هەوڵدەدات لە ڕێگەی بەرهەمێکی خۆیەوە جا چ ڕۆمان، شیعر، پەخشان، چیرۆک ...هتد یان هەر جۆرێکی تر بێت، ڕەخنە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگا دەگرێ، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەوە دەبێت کەلێنێک یان کەموکورییەکی کۆمەڵگا چارەسەر بکات. نەوەک نەشرین نیشاندانی لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بێت. پێویستە لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا ئاگاداری ئەوە بین کە ڕەخنەگرتن لە دیاردەکانی کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا پێویستە لە کاتی خۆی بێت نەک دوای تێپەڕبوون و نەمان دیاردەکە. بۆ نموونە دەبینین لە کۆندا دیاردەی نەخوێندەواری لە ناو ئافرەتان زۆر بوو، بەشێوەیەک دەگمەن ئافرەت دەنێردرا بۆ خوێندن، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو کە پێشتر پێیانوابوو نابێ ئافرەت بخوێنێ و تەنیا دەبێ کاریماڵەوە ئەنجام بدات و منداڵ بەخێو بکات. لەوەوە ئافرەتیان دەچەوساندەوە، بەڵام ئێستا ئەم دیاردەیە نەماوە بۆیە نووسەر ناتوانێ ڕەخنە لەم دیاردەیە بگرێ، چونکە لە ڕابردوو هەبووە بەپێی سەردەمەکان کاڵ بۆتەوە و کەمبۆتەوە، ڕەخنەگرتن لەم دیاردەیەی باسم کرد دەکرا لەکاتی خۆی بێت و باس بکرێ و ڕەخنەی لێبگیرێت.

زۆرجار ئەدەبیات وەک هێزێک دژی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی لە ناو کۆمەڵگا هەیە کار دەکات. بۆیە دەگوترێت "ئەدەبییات وەکە هۆکارێکی کاریگەر لە دژی بارودۆخی سەردەم کار دەکات و لەگەڵ بەرژەوەندی کەس و چینەکاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بێگومان دەبێتە مایەی نەفرەت و بێزاری ئامانجی ڕەخنەی واقیع. لەم ڕووەوە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە ئەدەبییات و کۆمەڵ هەردووکیان لە حاڵەتی گۆڕان و بزاوتنن، کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە

هەیە. لەم ڕووەوە هەرگیز نابێ چالاکی ئەدەبی لە چالاکی گشــتی کۆمەڵ جیابکرێتەوە. هەندێ هونەری ئەدەبی لەڕووی ماهییەتەوە زیاتر سـروشـتێکی کۆمەڵایەتییان هەیە"(هیمداد حوسـێن، ٢٠٢٠: ٢٤) بە بڕوای من بەرێژەیەکی زۆر ئەدەبیات و هونەرەکـانی هەڵقووڵاوی بـارودۆخی کۆمەڵایەتین، بۆیە لە هەموو لایەکەوە لایەنە کۆمەڵایەتییەکە بەدەردەکەوێت.[5]

دەقی ئەدەبی لە زۆر ڕوانگەیی جیـاوازەوە ســـەیر دەکرێ، ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش یەکێکە لە ڕوانگەکان و جیاوازە لە ڕوانگەکانی تر. دروسـتبوون و بونیادنانی هەر کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک دەســـکەوتی لێدەکەوێتەوە، دەقی ئەدەبیش یەکێکە لە دەســـکەوتەکان کە مرۆڤ لە مێژوودا بەدەسـتیهێناوە. گۆڕانی سـیسـتەمی ژیان و پێداویسـتییەکان وایکردووە کە مرۆڤ بەتەنیا نەژییێت و کەســـێکی کۆمەڵایەتی لێوە دروســـت بێت، بەمەش ئەم مرۆڤە دەبێتە تاکێکی کارتێکراوی کۆمەڵگا و بەها کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەش وادەکات کە "تاکە کەس کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا دەژی، کەواتە ناتوانێت بە تەنها و ســەربەخۆ بژی، هەر چەند هەوڵبدات بەتەنیا لە نێو کۆمەڵگادا ڕەفتار لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بکات، هەر دەبێت هەڵوێستێک سەبارەت بەهەر گۆڕانکـارییەکی کۆمەڵایەتی وەربگرێـت"(ڕێبوار محمـد مەلا زادە، ٢٠٢١: ٢٤٣)[6] ئەم کۆمەڵایەتیبوونەی تاک وادەکات ناوبراو لە خەم و پێویســـتی کۆمەڵگادا بنووســـێ و دەقێک لە

---

5. بۆ نموونە ئەو شـــیعرانەی ئـایینی و دڵـدارییـان تێـدا زاڵە زادەی ژیـانی کۆمەڵاتین و بێگومـان لە هەڵقووڵاوی کۆمەڵایەتییەوە ســـەرچاوەیان گرتووە. وە ئەو شـیعرانەی خاوەن سـتایش و شـیوەنن لە لایەنی فکرەی کۆمەڵایەتییەوە کـاریگەرییـان وەرگرتووە. کۆمەڵگـا جیـاوازەکـان ئەدەبەکـانیـان زۆر لە یەکترییەوە دوور و جیـاوازە، بەتـایبەت ئەو کۆمەڵگایانەی لە قۆناغی سەرەتایین بە بەراورد بەو کۆمەڵگایەی لە قۆناغی پێشکەوتن و بازرگانی دایە.

6. دکتۆر محمد مەلا زادە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئەم بابەتە ئاماژە بە نموونەیەکی جوان دەکات. نموونەکەش لە شـێوەی دوو کۆمەڵگای بچووک و گەورە دایە. ناوبراو پێیوایە مرۆڤ لە ناوەوەی خۆیدا لە زاتی خۆیدا لە کۆمەڵگایەکی بچووک پێکدێت، کە ئەم کۆمەڵگـایەش لە نـاو کۆمەڵگـایەکی گەورەی واقیعیـدا دەژی، دەقی ئەدەبیش بەرهەمی ئەم کۆمەڵگـا بچووکەیە لەپێنـاو کۆمەڵگـا گەورەکەدا. بەمەش دەقی ئەدەبی دەبێتە تـابلۆی بـارودۆخە کۆمەڵایەتییەکـان، مەدلوول و پەیامەکانی کۆمەڵگای لەخۆ کۆکردۆتەوە.

خزمەت کۆمەڵگادا بەرهەم بهێنێت، کە هەوێنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەی بێت. هەر لەمبارەیەوە دکتۆر ئاوارە کەمال صالح دەڵێت: "ئەدەب وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و نووسەر وەک تاکێکی ئەم دەزگایە، مەبەست و دەربڕینەکانی پەیوەستن بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک داب و نەریت و ئاکار، ... ڕەخنەگریش وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی حەتمەن بارگاوییە بە کۆمەڵێک بیر و بۆچوون"(ئاوارە کەمال صـــالح، ٢٠١٢: ٣٥) لێرەدا میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەرکی خۆی بەتەواوی بەدەردەخـات کە کۆمەڵایەتی بوونە، نووســـەریش بە کۆمەڵێـک ئـایـدی کۆمەڵایەتییەوە ڕوو لە کۆمەڵگـایە. هەڵبەتە نووســـەر یـان کەســـی ڕەخنەگر لە دیـاردە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر چاوی دیاردە و بابەتە کۆمەڵایەتییە گەورەکان دەبینێت.

دونیـابینی ئەدەب بۆ ئەم میتۆدە ڕەخنەییە بریتییە لە لێکەوتەی بـارودۆخی کۆمەڵایەتی، لە هەمان کاتیشـدا بارودۆخی کۆمەڵایەتی تری لێدەکەوێتەوە. (هانس ڕۆبیرت فۆگین) دوو ڕواڵەت دیاری دەکات: **یەکەم** کار لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە دەکات، کە بەرهەمە ئەدەبییەکە دێنێتە کایەوە، **دووەمیش** بەهۆی کارە ئەدەبییەکەوە ڕێگەی هاتنە پێشەوەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکە خۆش دەکات. (ڕێبوار محمد مەلا زادە، ٢٠٢١: ٢٤٤-٢٤٥) مەبەســت لە **ڕواڵەتی یەکەم** ڕوون و ئاشکرایە کە پەیوەندی بە کاریگەریی کۆمەڵگاوە هەیە. مەبەست لێی نووسـەر و ئاراستەکردنی بۆ نووســـینی دەقی ئەدەبییە. کەوایە لەدایکبوونی دەقی ئەدەبی لە ڕوانگەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە دەبەسترێتەوە بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکە، کە ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ نووسینی دەقەکە. مەبەســت لە **ڕواڵەتی دووەمیش** ئەوەیە کە ئەو دەقەی لەدایک دەبێت بۆ هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە ڕێگە خۆشـکەر بۆ لەدایکبوونی دیاردە کۆمەڵایەتییەکە، چونکە دەقی ئەدەبی دەتوانێت کاریگەری زۆر لەسەر تاک دروست بکات و بەرەو ڕێگایەکی تری ببات.

ڕوانینی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە کۆی پرۆســـەی ئەدەبە، بۆ ئەمەش ئەو بەرهەمەی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت، چەند بنەمایەک دەکاتە ڕێســای ســەرەکیی خۆی. دکتۆر ڕێبوار

محمد مەلا زادە بۆ لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بە سێ جەمسەر و بنەماکەی ئەدەب دەکات کە بریتین لە: نووسەر و دەق و وەرگر.(7)

میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوە گشتییەکەی خۆیدا، چەندین میکانیزم و شێوە کارکردنی جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت لە پرۆسەی ڕەخنەسازیدا. ئەمەش بۆ بیر و بۆچوونی زانایانی سەر بەم تیۆرە ڕەخنەییە دەگەڕێتەوە. هەر زانایەک بیر و ئایدۆلۆژیای خۆی هەیە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە زانایانی ئەم بوارە سنووری میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییان بەزاندبێت، چونکە لە بنەما گشتییەکاندا هاوبەشی لەنێوانیان هەیە، بەڵام لە وردەکاری و چۆنییەتی پراکتیزەکردن و ئاراستەی کارکردندا شێوازی تایبەت بەدی دەکرێت، بۆ نموونە ئاراستەی دیالێکتیکی کە پەیوەستە بە فەلسەفەی سەرمایەداری و خاوەنەکەی کارل مارکسە، کۆی پرۆسەکە لە چوارچێوەیەکی گشتی کۆمەڵگادا لەژێر دوو چەمک خۆی دەبینێتەوە کە (سەرخان و ژێرخان)(8) یان پێدەگوترێت. (ڕێبوار محمد مەلا زادە، ٢٠٢١: ٢٤٦).

---

7 . نووسەر: ئەو کەسەیە وەک تاکێکی ناو کۆمەڵگا و خاوەن فکرە و کەسایەتی خۆی، بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا دەنووسێ، کە تیادا جەخت لەسەر بابەت و پرسێکی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە.

دەق: دەقی ئەدەبی وەک پردێکی گەیاندنی بابەتەکە وایە، تیادا نووسەر بەکاریدەهێنێت بۆ ئەوەی پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت. نووسەر بەبێ دەقی ئەدەبی ناتوانێ کارەکەی خۆی بکات. بۆیە زۆر گرینگە نووسەر لە نووسینی دەقە ئەدەبییەکە بە وریاییەوە مامەڵە بکات و دەقێکی کاریگەر بخولقێنێ.

وەرگر: یان خەلک یان زۆرجار دەگوترێت جەماوەر، بریتییە لەو کەسەی کە لەژێر کاریگەریی دەقە ئەدەبییەکە دەبێت، واتە ئەو دەقەی لەلایەن نووسەرەوە بەرهەمدەهێنرێت، وەرگر دەیخوێنێتەوە و ئەکرێ بکەوێتە ژێر کاریگەریی دەقەکە.

8. ژێرخان لایەنی ئابووری و سەرمایە دەگرێتەوە، بەڵام سەرخان بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگا وەک لایەنی ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەر و بابەتەکانی تر دەگرێتەوە. ئەو جیاوازە ئەوە ناگەیەنێت کە هەردووکیان دژی یەک بن بە پێچەوانەشەوە لەڕووی بەرهەمی ئەدەبییەوە پەیوەستن بەیەکەوە. هەربۆیە پەیوەستبوونیان بەیەکەوە وادەکات کە بەهێز و لاوازی لایەنێک کار بکاتە سەر ئەوی تریان، واتە پێشکەوتن و گەشەکردنی ژێرخان دەبێتە هۆی بەهێزبوون و گەشەکردنی سەرخان کە ئەدەب و هونەر دەگرێتەوە، بەهەمان شێوەش بۆ سەرخان و بە ئاراستەی ژێرخان ڕاستە. (ڕێبوار محمد مەلا زادە، ٢٠٢١: ٢٤٦) و (کەمال مەعروف، ٢٠١٢: ٢٣).

کەوایە دەتوانین بڵێین ڕەخنەی کۆمەڵایەتی جۆرێکە لە ڕەخنەی ئەکادیمی یان ڕۆژنامەوانی کە تیشـــک دەخاتە ســـەر پرســـە کۆمەڵایەتییەکان، لە ئێســـتادا زیاتر لە کۆمەڵگای مۆدێرنەکان بەدەردەکەوێت، بەتایبەتی ســـەبارەت بە نادادپەروەرییە هەســـتپێکراوەکان و پەیوەندییەکانی دەســەڵات بە گشـتی. ڕەخنەی کۆمەڵایەتی شـیکاری ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانە دەکات کە وەک کەموکوڕی هەسـتیان پێدەکرێت و ســەرنج دەخاتە ســەر چارەســەرە پراکتیکییەکان لە ڕێگەی هەنگاوی تایبەت یان گشتی.

## گرینگی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

ئەم تیۆرە ڕەخنەییە گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە لە کایەیی کۆمەڵایەتییدا، چونکە "شیکاری پێکهاتەکانی دەسەڵات و شێوازی ڕەفتارەکانی کۆمەڵگایەک دەکات بۆ ئەوەی بزانێت چۆن ئەمانە بەشدارن لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ستەم و نادادپەروەری، بەڵام ڕەخنەگرانی کۆمەڵایەتی تەنها ئامانجیان لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا نییە - کاردەکەن بۆ بەرەوپێشبردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی"(بڕوانە بەستەری زانکۆی City Vision University)[9] جگە لەوە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی یارمەتیت دەدات لەو کەسانە تێبگەیت کە وەک تۆ نین، زۆرجار دید و ئایدیا و ئەزموونی گرووپە پەراوێزخراوەکانی مێژوویی وەک ژنان و گرووپەکانی تر یان چینە ئابوورییە خوارەکان نیشان دەدات. ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ فراوانکردنی جیهانبینیت و بینینی شتەکان لە ڕوانگەی کەسانێکەوە کە وەک تۆ دونیابینیان نییە و جیاوازن.

لەڕووی زانیارییەوە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە، چونکە خۆی لە خۆیدا ڕەخنەی کۆمەڵایەتی "بۆخۆی گەڕانە بە دوای پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا و دۆزینەوەی ئەو کاریگەر و کارلێکردنەی لە نێوانیادا هەیە. کارایی ئەم ڕەخنەیە لێرەدا دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی دانەبڕاو لە یەکتری مامەڵە لەگەڵ هەرسێ لایەنەکەی ئەدەب (نووسەر- دەق- خوێنەر)دا دەکات. بەم پێیەش هاوکێشەیەکی هاوسەنگی ئەدەبیمان پێشکێش دەکات"(ئاوارە کەمال ساڵح، ٢٠١٢: ٧) بۆیە لە ئەنجامی ئەو گەڕان و پەیوەندییەی کە لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگادا هەیە، تاک جگە لەوەی وشیاری لەبارەی بابەتەکە پێدەگات، زانیاریی زۆریش وەردەگرێت لە ئەنجامی ئەم گەڕانەدا.

گرینگییەکی تری ڕەخنەگرانی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە زۆر چالاک و کاریگەرن، بۆیە دەڵێن "زۆرێک لە ڕەخنەگرانی کۆمەڵایەتی چالاکوانن، پلاتفۆرمەکەیان بەکاردەهێنن بۆ

---

9 . https://library.cityvision.edu/why-you-should-care-about-social-criticism

هۆشـــیارکردنەوەی خەڵک لە پرســـە کۆمەڵایەتییەکان و تەحەدای پێکهاتەکانی دەســـەڵات و بەرەوپێشـــبردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. ئەمەش دەتوانێت بریتی بێت لە بەشـــداریکردن لە نارەزایەتییەکان، پشتیوانیکردن لە کاندیدە سیاسییەکان، یان داکۆکیکردن لە گۆڕینی سیاسەت" (بڕوانە بەستەری زانکۆی City Vision University)[10] چالاکبوونی رەخنەگرانی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی وشـیاربوونی تاکەکان لە سـتەم و زۆرداری و نادادپەروەری، چونکە رەخنەگرانی کۆمەڵایەتی یـارمەتی گۆڕینی کۆمەڵگـاکـان دەدەن لە دۆخێکی خراپەوە بۆ دۆخێکی بـاش و گونجاو لە رێگەی بەرهەمە رەخنەییەکانیانەوە. رەخنەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە کاری گەشـەپێدانی کۆمەڵگادا بە یارمەتیدان بۆ دەسـتنیشـانکردنی رەگوریشـەی نایەکسـانی کۆمەڵایەتی و نادادپەروەری. پاشـان ئەم تێگەیشـتنە دەتوانێت ئاگاداری پەرەپێدانی چارەسـەرە کۆمەڵایەتییەکان بکات کە ئەم پرسانە چارەسـەر دەکەن و یەکسانی زیاتر بەرەوپێش دەبەن. بۆ نموونە، کۆمەڵگەیەکی ســـتەملێکراو یان پەراوێزخراو لەڕووی مافە ســـەرەتای و رەوایەکانی خۆی رەنگە ســـوود لە رەخنە کۆمەڵایەتییەکان وەربگرێت کە رۆشـــنایی دەخاتە ســـەر ئەو رێگایانەی کە هۆکارن بۆ بەدەســـتخســـتنی مافەکانیان، وەک نەبوونی ئاو و کارەبا و رێگاوبان، کە ئەمانە مافی سەرەتایی تاکە لە کۆمەڵگادا.

رەخنەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت یارمەتیدەرێکی زۆر باش بێت بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکان، چونکە دەتوانین "رەخنەی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لە جۆرە ئەدەبییەکـان دابنێین، ئەگەر هـاتوو ئەو بەرهەمە ئەدەبییە چارەســەری کێشــەیەکی ئابووری یان رامیاری یان کۆمەڵایەتی بکات. لە زۆربەی کاتەکاندا تەنها چارەســـەری ئەو بابەتانە دەکات کە جێگەی گرنگی و بایەخی رای گشـتیە لە سـەردەمی خۆیدا"(ئاوارە کەمال سـالح، ٢٠١٢: ٧) بۆیە رەخنەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت رۆڵی هەبێت لە گەشـــەپێدانی کۆمەڵگادا بە پێشـــخســـتنی هۆشـــیاری و تێگەیشـــتنێکی زیاتر لە پێداویسـتی و ئەزموونەکانی کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان. رەخنەی کۆمەڵایەتی بە تیشـکخسـتنە

10 . https://library.cityvision.edu/why-you-should-care-about-social-criticism

ســەر دیدگا و ئەزموونەکانی ئەم پێکهاتانە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دروســتکردنی پرد لە نێوان گرووپە جیاوازەکان و بەرەوپێشبردنی هاوسۆزی و هاوکاریی زیاتر.

گرینگییەکی تری ئەم میتۆدە ڕەخنەییە ئەوەیە ئاشــنامان دەکات بە دیوی دێرینیەتی کۆمەڵگا و مێژووی مرۆڤایەتی کۆمەڵگە جیاوازەکان، لەڕووی بیر و دابونەریت و یاسـا و ڕێبازی گۆڕاوی ژیـانیـان و ئەو گۆڕان و ڕووداوە مێژووییەیی تێیـدا نەژیـاوین لە ڕێگەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەتوانین پێیان ئاشنا بین و بتوانین نائاگایمان لێ بەئاگا بهێنین.

کەوایە دەتوانین بڵێین ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی کۆمەڵگا پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە، چونکە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەتوانێـت لە ڕێگەی بەرهەمە ڕەخنەییەکـانیـانەوە پرۆســـەی بونیـادنـانی کۆمەڵگـا بەهێزتر بکـات. ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەتوانێـت یـارمەتیـدەر بێـت بۆ دروســـتکردنی هەلومەرجی پێویســـت بۆ چارەســـەری کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەردەوام.

## بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەک هەر میتۆدێکی تری ڕەخنەی ئەدەبی کۆمەڵێک بنەمای خۆی هەیە، ئەمانەی خوارەوە لە دیارترین بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتین:

١. میتۆدی کۆمەڵایەتی ئەوەمان پێدەڵێت کە چۆن نووسین سروشتێکی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە (حەمە مەنتک، ٢٠١٨: ٧٤) ڕوانینی میتۆدی کۆمەڵایەتی بۆ دەقی ئەدەبی ئەوەیە، کە دەق سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە بوارە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو دەقەکاندا خۆیان بەدەر دەخەن. دەقەکانیش بەهۆی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانەوە دێنە بوون، بۆیە پەیوەندیی نێوان دەق و بواری کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی دوو سەرەیە کە هەریەکەیان کاریگەریی لەسەر ئەوەیتر دەکات، بەمەش نووسین مۆرکێکی سروشتی کۆمەڵایەتی وەردەگرێ.

٢. ئەم میتۆدە بواری کۆمەڵایەتی بە سەرچاوەی واتا و نووسینی دەق دادەنێت، گرینگی بە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و واقیعی کۆمەڵایەتی و شارستانی دەدات، واتە ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانبینی ململانێیانەیە کە لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا هەن (سەردار فایق مجید و عیماد شکور محمود، ٢٠٢١: ٤١) بە واتایەکی تر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پێیوایە ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانەی لە کۆمەڵگادا هەن، هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبوونی دەقەکە، چونکە هەر دەقێک لەگەڵ کۆمەڵگای دێتەوە و یەکدەگرێ و دەگونجێت.

٣. ئەدەب بە گشتی و دەقی ئەدەبی بە تایبەتی دەبێت ئامانجی هەبێت، دەبێ ڕابەرایەتی مرۆڤ و کۆمەڵگا بکات، کەوایە دەقی ئەدەبی تەنیا وەسیلە و هۆکارە نەک خودی ئامانجەکە (حەمە مەنتک، ٢٠١٨: ٧٤) ڕوانینی ئەم میتۆدە بۆ دەقی ئەدەبی تەنیا چێژ نییە، بەڵکوو ئامانجیشە، بەجۆرێک ئامانج لەپێشتر و گرینگترە لە چێژ. بۆیە نووسەر دەق وەکو کەرستەیەک بەکاردێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی و بەدەستهێنانی ئامانجەکەی. نووسەر کاتێک خراپەیەک یان نادادپەروەرییەک دەبینێت بۆ نەهێشتن و گۆڕینی ئەو لایەنە کۆمەڵایەتییە لە ڕێگەی دەقی

ئەدەبییەوە هەوڵدەدات و دەنووسێت. هەر بۆیەش لە ڕوانگەی ئەم میتۆدەوە دەگوترێت نووسەر دەقەکە بۆ خۆی بەرهەمناهێنێت بەڵکوو بۆ کۆمەڵگای بەرهەمدەهێنێت.

٤. میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی میتۆدێکی ڕەخنەییە کە پتر گرینگی بە ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی دەدات نەک فۆڕمی هونەریی ئەگەر گرینگیش بە فۆڕم بدات ئەوا دەیکات بە پاشکۆی ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی، پێیوایە ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی وەڵامی بۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان خێراترە، گۆڕانی ناوەڕۆک گۆڕانی فۆڕمی ئەدەبی بەدوای خۆیدا دەهێنێت (کارزان کەریم امین، ٢٠٠٩: ٣٣) لە ڕوانگەی ئەم میتۆدەوە ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی گرینگترە لە فۆڕمەکەی، چونکە نووسەر لە ڕێگەی ناوەڕۆکەوە دەتوانێت پەیامەکەی بگەیەنێت و ئامانجەکەی بەدیبێنێت نەک فۆرمەکە. هەڵبەتە فەرامۆشکردنی فۆرمیش بە یەکێک کەموکوڕییەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

**٥.** ئەم میتۆدە وابەستەیە بە ئایدۆلۆژییەکانی مارکسییەوە، کە ئەدەب و هونەر دەخاتە خزمەتی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوە، لێرەوە ئەدەب و هونەر دەچنە چوارچێوەی سەرخانەوە کە بزووێنەرەکەی ژێرخانە و بریتییە لە هۆکارە ئابوورییەکان (سردار فایق مجید و عیماد شکور محمود، ٢٠٢١: ٤١) ڕوون و ئاشکرایە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە ئایدۆلۆژیایی مارکسییەوە، چونکە مارکس دەق و کۆمەڵگا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. وە ئەدەب و لقەکانی لە خزمەت کۆمەڵگادا بەکاردەخات. هەروەها لە ڕێگەی سەرخان و ژێرخانەوە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو.

٦ . ئەم میتۆدە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت دەق هەڵگری پەیامی کۆمەڵایەتی بێت و پێویستە دەق بە تەواوی لە واقیعی کۆمەڵایەتی بچێت (سردار فایق مجید و عیماد شکور محمود، ٢٠٢١: ٤١) یەکێک لە خاڵە هەرە گرینگەکانی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە دەق دەبێت لەگەڵ لایەنە کۆمەڵایەتییەکان یەکبگرێتەوە، واتە دەبێت دەق هەڵگری بارودۆخی کۆمەڵگای خۆی بێت و تەواو لەیەک بچن، بەوپێیەی هەر کۆمەڵگایەک خاوەن بنەما و کولتووری خۆیەتی، خاوەن سیستەمی کۆمەڵایەتی خۆیەتی، هەر بۆیە تیۆری ڕەنگدانەوە لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی باڵادەستە، چونکە ''تیۆری ڕەنگدانەوە کە بنەمایەکی گرنگی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت،

ڕوانینی وایە کە دەقی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگایە نەک گواستنەوەی دەقاودەقی ئەم واقیعە، واتە دەقی ئەدەبی لە ڕووی ئەرک و ماهییەتەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵگاوە" (کارزان کەریم امین، ٢٠٠٩: ٣٣) بۆیە مەرجە کە دەقی ئەدەبی هەڵگری ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە بێت. وە نووسەر لەنێو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵدا دەژیت، بۆیە ژینگە کۆمەڵایەتییەکە کاریگەری لەسەر کەسایەتی و ئایدۆلۆژیای ئەو دەبێت.

٧ . ڕەخنەگر دەبێ ئەوەی لەبەرچاو بێت، ئەو دەقە وەک خۆی گوزارشت لە واقیع دەکات، یان نا، دەبێ دەق تەواو لە واقیع بچێت (حەمە مەنتک، ٢٠١٨: ٧٤) هەروەک لە خاڵی شەشەمدا باسمکرد و خستمەڕوو، کە دەق دەبێت لەگەڵ کۆمەڵگای خۆی لەیەک بچێت، ئەگەر هاتوو دەقێک لە کۆمەڵگای خۆی نەچێت یان ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا نەبێت ناتوانین بەم تیۆرە ڕەخنەییە کاری لەسەر بکەین.

٨ . پێویستە ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی، کاتێک شاعیرێک دەخاتە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوە لەبەرچاو بگرێت، کە تا چەند ناوەڕۆکی دەقەکانی ئەو شاعیرە دەبنە هۆکاری ئاراستەکردنی کۆمەڵگا (سەردار فایق مجید و عیماد شکور محمود، ٢٠٢١: ٤١) چونکە دەقی ئەدەبی لە روانگەی ئەم میتۆدەوە دەبێت دەق بۆ کۆمەڵگا بەرهەمبهێنرێت و لەخزمەت کۆمەڵگادا بێت، بۆیە زۆر گرینگە ئەو دەقەی ڕەخنەگر کاری لەسەر دەکات دەقێک بێت خزمەت بە کۆمەڵگا بکات و ئاراستەیەک بە کۆمەڵگا بدات.

هەموو ئەو بنەمایانە لە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا جێی بایەخن و لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا یارمەتیدەرن بۆ پەیبردن بە دەلالەت و ڕەهەندە جیاوازەکانی بواری کۆمەڵایەتی، هەروەها یارمەتیدەرن بۆ قووڵبوونەوە لە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی.

# سوودەکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستتر و یەکسانتر. لێرەدا هەندێک لە سوودە سەرەکییەکانی دەخەینەڕوو:

**١. گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش دەبات**: بە تیشکخستنە سەر نادادپەروەری و نایەکسانییەکان، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی مافەکان مرۆڤ و دروستبوونی یەکسانی و دادپەروەری.

**٢. هاندانە بۆ بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە:** بەشداریکردن لەگەڵ ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لەبارەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای خۆت هەبێت. بەهۆی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەکرێ واقیعی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان باشتر ببینی و شیکارییەکی زۆر باش بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان بکەی.

**٣. بەدەرخستنی دیاردە پەراوێزخراوەکان**: زۆرجار ڕەخنەی کۆمەڵایەتی سەرنج دەخاتە سەر ئەزموون و دیدی گرووپە پەراوێزخراوەکان، کە لە ناو کۆمەڵگادا گرینگیان پێنادرێ و لە پەراوێزدان. گەورەکردن و دەرخستنی ئەم گرووپە پەراوێزخراوە دەتوانێت ببێتە هۆی وشیارکردنەوەی گرووپەکە یان گەورەکردنی ڕەهەندە کۆمەلایەتییەکە.

**٤. چاکسازی:** ڕەخنەگرتن لە ڕەهەندە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان دەبیتە هۆی دروستبوونی لێکۆڵینەوە و گەڕان لە بوارە جیاوازەکانی ژیان، بۆیە دەتوانێت گەندەڵی و ناکارامەیی و خراپ بەکارهێنان ئاشکرا بکات، وە ببێتە هۆی دەستێوەردان و چاکسازی پێویست.

**٥. وتووێژکردن**: ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە گفتوگۆ دروست دەکات، لەپێناو باشترکردنی ڕەهەندەکان.

**٦. دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بەهێز و نوێ:** بە پرسیارکردن لە دۆخی ئێستا و سەیرکردنێکی ڕەخنەی لە ڕەهەندەکانەوە، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ئیلهامبەخش بێت بۆ پێشـــکەوتنی کولتووری و فیکری. چونکە پاڵ بە کۆمەڵگا دەنێت بۆ پەرەسەندن و گونجاندن لەگەڵ بیرۆکە و دیدە نوێیەکان.

**٧. بونیادنانی کۆمەڵگایەکی نوێ و بەهێز:** ڕەخنەگرتن لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی بەهێزکردنی تاک و کۆمەڵگا بۆ بەدەستهێنان و داکۆکیکردن لە ماف و بەرژەوەندییەکانیان.

**٨. بەرزکردنەوەی وشـیاری کۆمەڵایەتی:** بەشـداریکردنی بەردەوام لەگەڵ ڕەخنەی کۆمەڵایەتی هۆشیاری لەبارەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو خەڵکی گشتیدا زیاد دەکات. ئەم هۆشیارییە بۆ هاوڵاتیان زۆر گرنگە، چونکە بەشداری چالاکانەی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگادا فراوانتر دەکات.

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری ڕاستەقینە. تەنانەت بەرهەمە خەیاڵییەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان لەســـەر کۆمەڵگا هەبێت. بۆ نموونە ڕۆمانی جەنگەڵ لە ساڵی ١٩٠٦ی ئاپتۆن سینکلێر سەبارەت بە مەترسییەکان و ئیستغلالکردنی پیشەسازی گۆشت کاریگەری لەسەر یاساکان هەبوو کە لایەنی سەلامەتی خۆراکیان باشتر کرد.(11)

کەوایە دەتوانین بڵێین بەشـــێوەیەکی گشـــتی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئامرازێکی ســـەرەکییە بۆ پێشـــکەوتن و یەکســـانی و دادپەروەری، چونکە هەوڵی بەردەوام دەدات بۆ بەرەپێشـــچوون و بەدەســـتهێنانی مافە ڕەوایەکانی تاک لە کۆمەڵگادا. دەبێتە هاندەرێک بۆ باشـــتربوونی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا.

11 . https://www.masterclass.com/articles/social-criticism

## کەموکوڕییەکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

حەمە مەنتک لە کتێبی (میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی)دا چەند کەموکوڕییەک لەم میتۆدە دیاری دەکات، کەموکوڕییەکان وەک خۆیان دەخەمەڕوو، دواتریش شیکردنەوە بۆ خاڵەکان دەکەم:

١. خودی نووسەر لەم میتۆدا هیچ ڕۆڵێکی نییە و لە دەرەوەی داهێنانی ئەدەبی هەژمار دەکرێت، لە کاتێکدا نووسەر لە چوارچێوەی کارەکانیدا گوزارشت لە تێڕوانین و جیهانبینی خۆی دەکات.[12]

٢. هەموو دەقێک لەگەڵ کۆمەڵگا نایەتەوە، بەڵکوو لە سەردەمی ئێستا شێوازێکی دەق هەیە دژە لەگەڵ کۆمەڵگە، بۆیە ئەم میتۆدە پتر لەگەڵ دەقی کۆن دەگونجێت.[13]

---

12 . حەمە مەنتک لەم خاڵەدا جەخت لەسەر ڕۆلی نووسەر دەکاتەوە، کە پێیوایە نووسەر هیچ ڕۆڵێکی نییە لەم تیۆرەدا، هەڵبەتە سەرنجەکەی لە شوێنی خۆیەتی، چونکە نووسەر لەڕووی ڕەخنەگرتنەوە وەک گێڕەڕەوەیەک دەرکەوێ و واقیعی بابەتاکان دەگەیەنێت. بەڵام پێویستە ئەوەش لەبیر نەکەن کە نووسەر لەم میتۆدا ڕۆڵێکی زۆر کارای هەیە لە گۆڕینی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە، چونکە بەرهەمەکەی هەڵقووڵاوی ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکانە و نووسەر لەخزمەت کۆمەڵگادایە. وە دەتوانێت کاریگەریی دروست بکات لە ڕێگەی ڕەخنەکانییەوە. هەروەها زۆرجار نووسەر لە جیهانبینییەکی جیهانیەوە هەوڵدەدات و دەنووسێت و ڕەخنە دەگرێ، چونکە نووسەر دۆخە دواکەوتوویەکەی کۆمەڵگای خۆی دەبینێت و واقیعە ڕاستییەکەش دەبینێت و دەخاتەڕوو. بۆ نموونە نووسەر کاتێک دەبینێت ئافرەت لە هەموو کۆمەڵگایەک دەخوێنێت و داهێنان دەکات، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردی ئافرەت هەر خەریکی کاری ماڵ و دانیشتنە، بۆیە ڕەخنە لەم دۆخە دەگرێ و دەیەوێ شێوەیەکی پێشکەوتن و جیهانی بەبەر بابەتەکە بکات.

13 . ڕاستە هەندێک دەق هەیە لەگەڵ کۆمەڵگا نایەتەوە، دەکرێ ئەمەش بۆ جیاوازی جۆری نووسینی دەقەکان بگەڕێتەوە. هەروەها دەقی ئێستا و ڕابردوو لەڕووی پەیامەوە زۆر لەیەکتری جیاوازن، چونکە دەقی ئێستا کەمتر لەپێناو کۆمەڵگا و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانە. بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کە دەقی ئێستا کۆمەڵایەتی نەبن، گەر وردبینەوە دەبینین ئێستاش زۆرێک لە بەرهەمەکان هەڵقووڵاوی بارودۆخی کۆمەڵایەتین. بۆیە گونجان و نەگونجانی بەرهەمەکان لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە شێوازی نووسینی بەرهەمەکانەوە هەیە. بۆ نموونە محەمەد تەحسین خان لەم دواییانەدا ڕۆمانێکی بە ناونیشانی (باوکم کوانێ) نووسی، گەر لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکە ورد ببینەوە دەبینین کە لە سەرەتاوە تاکوو کۆتایی ڕۆمانەکە ڕەخنەگرتنە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە، وە بەبڕوای من ڕۆمانێکی گونجاوە بۆ پڕاکتیزەکردنی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی. جگە لەوە پێشتر شاعیران و نووسەران بەرهەمەکانیان لە خزمەت نیشتمان و کۆمەڵگا بوو، بەڵام شاعیران و نووسەرانی ئێستا بەرهەمەکانیان زیاتر لەسەر کەسێکە، بۆ نموونە زیاتر بۆ کچێک یان تاکێک دەنووسن.

٣. ئەگەر دەقی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی بونیادی کۆمەڵایەتییە، ئەی بۆ نووسەرانی یەک سەردەم و یەک ژینگەی کۆمەڵایەتی یەک شێواز و جۆر لە دەقی ئەدەبی بەرهەمناهێنن؟[14]

٤. ئەم میتۆدە ئەوەندە گرینگی بە ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی دەدات، فۆڕمی ئەدەبی فەرامۆش دەکات، لە کاتیکدا فۆڕمی ئەدەبی ڕۆڵی لە بەهونەریکردنی دەقی ئەدەبی هەیە.[15]

٥. ئاراستە ماددییەکان دەسەڵاتیان بەسەر کۆی فاکتەرەکانی بەرهەمهێنانی دەق هەیە، بەبێ ئەوەی هیچ ڕۆڵێکی بۆ خەیاڵ و فانتازیای نووسەر هەبێت.[16] (حەمە مەنتک، ٢٠١٨: ٧٤)

---

14 . بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی یان نووسین پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیای و باری ژینگەی و دەروونی نووسەرەوە هەیە، مەرج نییە نووســـەرانی یەک ژینگە یەک بابەت یان جۆری دەقی ئەدەبی بەرهەمبێنن. بۆ نموونە شـــێخ ڕەزای تاڵەبانی جیاوازتر لە زۆربەی شـاعیرانی تری سـەردەمی خۆی شـیعری (هەجووی) دەنووسـێت، بەڵام هەندێک لە شـاعیرانی تر دەقی ئایینی، سۆفی، دڵداری، نیشتمانپەروەری بەرهەمدەهێنن. زۆرجار بارودۆخی نووسەر دەبێتە هۆی ئەوەی نووسەر زیاتر یەک جۆری دەقی ئەدەبی بنووسـێت، بۆ نموونە شـێرکۆ بێکەس زیاتر دەقی یاخیبوونی هەیە، بەڵام شـاعیرانی تری سـەردەمی خۆی و هەمان ژینگە دەقی تریان بەرهەمهێناوە، بۆیە جیاوازی دەقەکان لە یەکتری بەهۆی فراوانی ئایدۆلۆژیا و سـیسـتەمی ژیانە. جگە لەوەش کۆمەڵگا ڕۆڵی زۆری هەیە لە بەرهەمهێنانی دەقدا، بەبڕوای من دوای ئەوەی کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغێکی دواکەوتووییەوە هەنگاوی نا بەرەو قوناغێکی نوێ، شـاعیران و نووســـەرانیش لە نووســینی دەقی ئەدەبی هەنگاوێکی نوێییان گرتەبەر.

15. میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەشـێوەیەکی فراوان گرینگی بە ناوەرۆکی دەقی ئەدەبی دەدات و فۆڕمی دەقی ئەدەبی پشتگوێ دەخات، چونکە ئەم میتۆدە لە ڕێگەی ناوەڕۆکەوە دەتوانێت بە ئامانجەکەی خۆی بگات، فۆڕمی دەق لە ڕوانگەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە هیچ چالاکییەکی نییە، چونکە ڕەخنەگر ناتوانێت هیچ چالاکییەکی کۆمەڵایەتی بە فۆڕمی دەق بکات. ڕەخنەگرانی ئەم میتۆدە لە ڕێگەی ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبییەوە دەتوانن پەیامی خۆیان بگەین و چالاکی لەم میتۆدە ڕەخنەییە ئەنجام بدەن.

16. خەیاڵ و فانتازیا دوو بابەتی زۆر گرینگن لە ئەدەبیات و ڕۆڵێکی زۆریان لە بەهونەریکردنی دەقی ئەدەبی و بەرزکردنەوەی ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی هەیە، چونکە خەیاڵ و فانتازیا بەرهەمەکە لە شێوەیەکی واقیعییەوە دەگوازێتەوە بۆ شـێوەیەکی دیکەی هونەری. بەڵام ئەوەی جێی سـەرنجە لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا خەیاڵ و فانتازیا هیچ ڕۆڵێکیان نییە لە ناو دەقەکە، چونکە ڕەخنەگر ناچار دەبێت وێنەی بابەتەکە بەشـــێوەیەکی واقیعی بخاتەڕوو، نەک خەیاڵ و فانتازیا بخزێنێتە ناو بابەتەکە. بوونی خەیاڵ یان فانتازیا لە ناو دەقی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی شـــێواندنی واقیعی بابەتەکە و دەرچوون لە ڕاستییەکان، بۆیەش نووسەر خۆی لە (خەیاڵ و فانتازیا) بەدوور دەگرێت.

# بەشی دووەم

پەندی پێشینان

## پەندی پێشینان

یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی ئەدەبی فۆلکۆری کوردی پەندی پێشینانە. لە کۆنەوە پەندی پێشینان بەشێوەیەکی فراوان لە قسەی ڕۆژانە بەکارهاتووە، بەڵام ئێستا بەهۆی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر، بەکارهێنانی پەند کەمبۆتەوە، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت بڵێین فەرامۆش کراوە. بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی زانست و تەکنەلۆژیا و چاپ و چاپەمەنی و ئایدۆلۆژییە جیاوازەکان، بەتایبەت زۆربوونی ژانر و دەقی نووسراو سەرنج خرایە سەر دەقی نووسراو، وەک لە دەقە زارەکییەکانی (چیرۆک و شیعر و ڕۆمان و ...هتد) بەمەش پەند وەک ئەدەبێکی فۆلکلۆری پەراوێزخرا و مەرکەزییەتی ئەدەبیات لە چوارچێوەی دەقە نووسراوەکان سوڕایەوە.

لەلایەکی ترەوە دوای قۆناغی مۆدێرنیزم تاک بەناوەخۆیدا چووەوە ئەوەندەی نووسەر و خوێنەر لە دەقەکان سەرنج دەخەنە سەر دەقانێک کە وێنای دەروون و ناخیان دەکات، کەمتر دەپرژێنە سەر ئەو دەقانەی دەلالەت لە کۆمەڵگا بکات، پەندیش زیاتر وێنەیەکی کۆمەڵایەتی تێدایە وەک لە وێنەی دەروونی تاک.

**پەندی پێشینان دەیان پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە، ئەمانەی خوارەوە چەند پێناسەیەکی گرینگن کە لەلایەن شارەزایانی ئەم بوارە کراوە:**

**شێخ محەمەدی خاڵ**: پەندی پێشینان بریتییە لە وتارێکی کورت، ڕێکوپێکی، جوانی، بەتامی، بە تەوژمی، کاریگەرە، کە لە دڵ و دەروونێکی بێداری، ئاوەدانی، ئاگادارە، پێشینانەوە هاتبێتە دەرەوە، لە دوای بەراورد و تاقیکردنەوەیەکی دوورودرێژ (شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٨). شێخ محەمەدی خاڵ بە چەند وشەیەکی کەم وەسفێکی زۆر جوانی پەندی پێشینان دەکات و پێمان دەڵێت کە ئەم پەندە لە دڵ و دەروونی تاکدا هاتوتە دەرەوە. جگە لەوە ناوبراو لە شوێنی تردا بەشێوەیەکی جیاوازتر باس لە پەندی پێشینان دەکات و دەڵێت: ''بیرێکی جوان و

پورتەوێکی دەروونە، هێندێ جار هەڵ ئەقوولێ، لە دڵێکی ئاوەدانەوە، بۆ سـەردەم و زبانێکی ڕەوان لە کاتی دووان، یا دوای ڕووداوێک، کە ڕوویدات، لە پاشـان زۆر بەخێرایی دەما و دەم ئەکەوێ و بڵاودەبێتەوە، پشتاوپشت ئەگێڕێتەوە، لەبەر جوانی و ڕێک و پێکی خۆی تا نموونەی ئەو شـتەی، کە پەندەکەی تیا وتراوە ڕوودەداتەوە، ئەو حەلە خاوەن مەبەسـت پەندەکە ئەخوێنێتەوە، بۆ بەهێزکردنی قسەکەی، یا ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی"(شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٨). لە کۆندا بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان بە گشـتی و لە ناویاندا پەندی پێشـینان بە تایبەتی بەشێوەیەکی پشتاوپشت هاتوون و گەیشتوون بە ئێمە، چونکە نووسین نەبووە، بۆیە بابەتەکان لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر دەگێڕدرایەوە. هۆکاری جیاوازی گێڕاوەکانیش بە دەرەجە یەک بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە.

**زامدار ئەحمەد** لە پێشـەکی کتێبەکەی بەناوی (پەندی کوردی شـوناسـی نەتەوەیی) لەبارەی پەندی پێشینانەوە دەڵێت: ''بریتییە لە کۆمەڵێک وشە و زاراوە یان ڕستەیەکی کورت و پوخت، کە بەشێوەیەکی جوان و سادە و ساکار لە ڕووی زمانەوە ڕێکخراون و دراونەتە پاڵیەک، بەڵام لە ڕووی واتا و ناوەڕۆکەوە، واتایەکی زۆر بەرفراوانیان هەیە، بەشـێوەیەک پێویسـتی بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی کەسانی ژیر و ڕۆشنبیر هەیە. هەشیانە سادە و ساکارە و زۆربەی خەڵکی لە واتاکەی تێدەگات، بەڵام هەموویان لە ڕووی واتاوە دەوڵەمەندن"(زامدار ئەحمەد، ٢٠٢١: ٧). ناوبراو پێناسـەیەکی ورد و زۆر جوانی پەندی پێشـینانی کردووە. زامدار ئەحمەد جیاوازی دەکات لەنێوان دوو جۆر پەنددا کە ئەوانیش بریتین لە:

**پەندی قووڵ:** ئەم جۆرە پەندە لەڕووی زمانەوە قورس و ڕێکخراوە، لەڕووی واتاشـەوە واتایەکی بەرفراوان و دەوڵەمەندی هەیە. وە هەموو کەس لە واتاکەی تێناگات، تەنیا شارەزایانی ئەم بوارە و ڕۆشنبیران دەتوانن پەی بە بابەتە ببەن.

**پەندی سادە:** ئەم جۆرە پەندە پێچەوانەی جۆری یەکەم، لەڕووی زمانەوە زۆر سادە و ساکارە، زۆربەی کەس دەتوانێ بە واتاکەی بگات و لە بنچینەی مەبەسـتەکە بگات. لەڕووی واتاشـەوە دەوڵەمەندە.

**دکتۆر عیزەدین مسـتەفا:** ''بریتیە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵک. ئەم پەندە هەمیشـە لەلای گەلانی سـەرەتایی و سـادە فەلسـەفەی ڕاسـتەقینە و لە کاری ڕەوشـت و خووەوە، هەموو ڕاسـتییەک، هەموو روداوێکی ژیانی ئادەمیزدا، هەموو کردارێک، چاکە یان خراپە. هەموو گەیشتنە ئەنجامێک کە میللەت گەیشـتبێتی، دەربارەی هەرچییەک بێت دەچێتە تەرازووی پەندی پێشـینانەوە''(عیزەدین مسـتەفا ڕەسـول، ٢٠١٠: ٨٦). پەندی پێشـینان یەکێکە لە بەرهەمە هەرە کۆنەکانی خەڵک، لە هەڵقوڵاوی ژیان و ڕووداو و کارەسـاتەکانیان هاتۆتە ئاراوە، هەر بۆیەش بۆتە ڕەنگدانەوەی ژیانی خەڵک و گوزارشت لە ڕابردوویان دەکات.

**ڕێبوار جەمال سـەرگرمە:** ''پەندی پێشـینان بەرهەمی سـەرزاری خەڵکە، ئەوەی لە لقەکانی تری ئەدەبی فۆلکۆری جیای دەکاتەوە ئەوەیە کە ڕۆژانە خەڵک بە گشـتی لە کاتی قسـەکردندا، بەکاری دێنن، پەند هەموو ئەندامانی کۆمەڵ، یان نەتەوە، گەورە و بچووک، ژن و پیاو، پیر و گەنج، خوێندەوار و نەخوێندەوار، دەسـەڵات و بێ دەسـەڵات، یان دادپەروەر و زۆردار، کەم تا زۆر واتای پەندەکان دەزانن و لە قسـەکردندا بەکاری دێنن، بەتایبەت لە کۆڕ و کۆبونەوەکاندا، کەسـانی قسـەزان و دنیادیدە، بۆ بەهێزکردنی وتە و دەربڕینەکانیان دەریدەبڕن''(ڕێبوار جەمال سـەرگرمە، ٢٠٢٣: ٤٢٧). پەندی پێشـینان جیاوازتر لە هەموو لقەکانی تر ئەدەب بە گشـتی و ئەدەبی فۆلکۆر بە تایبەتی ڕۆژانە بەشـێوەیەکی فراوان لە کاتی قسـەکردن بەکاردێت، هەر بۆیەش زۆرجار دەگوترێ ئەم لقەی ئەدەب بەرهەمی سـەر زاری خەڵکە. پەندەکان لە کاتی قسـەکردندا بەپێی ڕووداوەکان دەگوترێ، واتە هەر پەندەو دەلالەت لە ڕووداوێک یان بابەتێک دەکات، لە کاتی ڕووداوەکەش پەندە مەبەستدارەکە دەگوترێت.

**خەلیل موحەممەدی**: ‘‘پەندی پێشـــینان ڕســـتەیەکی کورت یا درێژە کە بە "کورتی و کوردی" قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژوو و چۆنیەتی گوزەرانی ســـەردەمی خۆیان و ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە درێژای ســـەدان ســـاڵ بەســـەر ژیانی کۆمەڵدا هاتووە دەخەنە بەرچاو و گوێی مرۆڤی ئەمڕۆ”(خەلیل موحەممەدی، ١٣٩٤: ٩). ئەگەرچی پەندەکان لەســـەر هەردوو شـــێوەی کورت و درێژ هەن، بەڵام درێژی و کورتی پەندەکان کاریگەری نابێتە ســـەر ئەوەی پەندەکان لاواز دەربکەون، بەڵکوو هەمیشـــە لەڕووی واتاوە گەورە و دەوڵەمەندن. بۆ نموونە دەگوترێ (قســـە هەزارە، دوانی بەکـارە) ئەم پەنـدە ئەگەرچی زۆر کورت و پوختە، بەڵام زۆر دەوڵەمەنـد و گەورەیە. ئەم پەندە زۆرجار بەو کەسانەوە دەگوترێ کە زۆر قسە دەکەن و بەخۆیان هەڵدەڵێن، بەڵام لەڕووی کردارەوە هیچی وایان لەدەســـــت نایە. کۆمەڵگای کوردییش پڕیەتی لەمجۆرە کەسانە، هەر ئەمەش وایکردووە ئەم پەندە بەشێوەیەکی فراوان بەکاربێت.

**دکتۆر شـوکریە ڕەسـووڵ**: “پەندی پێشـینان و قسـەی نەسـتەق ئەو بەرهەمە کۆنانەی گەلن کە هەموو باری ژیان و کۆمەڵایەتی و مێژوویی تێدا دەرئەکەوێ و لە ڕووداوی ژیان و کارەساتی کاتە هەرە کۆنەکاندا پەیدابوون و پەرەیان ســـەندووە و ئاوێنەیەکی ڕوونی کاتی جیا جیای ژیانی گەلن”(شـــوکریە ڕەســـووڵ، ١٩٨٤: ٧٠). هەڵبەتە دکتۆر شـــوکریە ڕەســـووڵ بەر لە پێناسـەکردنی پەندی پێشـینان ئاماژە بە وتەیەکی زۆر گرینگی نووسـەری بەناوبانگی ڕووسـی "مەکسیم گۆرکی" دەکات کە دەڵێت: “ناتوانرێت مێژووی ڕاستەقینەی هیچ گەلێک بزانرێت ئەگەر ئەو بەرهەمـانەی نەزانرێت کە دەمـاو دەم گێڕراونەتەوە”(شـــوکریە ڕەســـووڵ، ١٩٨٤: ٧٠). پەندەکان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی خەڵکن و لە ئێستاشدا سوودێکی یەکجار زۆریان هەیە بۆ خەڵک، چونکە لە ڕێگەی پەندێکی کورتەوە دەتوانی پەیامێکی گەورە ئاراســـتە کەســـی بەرامبەر بکەی و ئامۆژگاری بکەی.

**دکتۆر ئیـدریس عبـدالله**: “مەبەســـــت لە پەنـد ئەو گوتەیەیە، کە زۆر بڵاوبۆتەوە و لە هەموو لایەکەوە بووەتە باو، ئەمەش یان لەبەر ئەوەی بیرێکی فەلسـەفی قووڵ بەخۆوە دەگرێت، یانیش

لەبەر ئەوەی گوزارشت لە بنەڕەتی عەقیدەیی دەکات، کە ئەمە زۆرجار بە دانایی (حیکمەت)یش ناو دەبرێت"(ئیدریس عبدالله، ٢٠١٤: ٨).

کەوایە لە کۆی ئەو تێگەیشتنانەی سەرەوە، کە بۆ پەندی پێشینان کراوە، دەتوانین بڵێین، پەندی پێشـــینان یەکێکە لە لقەکانی ئەدەبی فۆلکۆری کوردی، لە کۆنەوە جێگای بایەخ بووە. پەندەکان هەڵقوڵاوی ســـیســـتەمی ژیانی خەڵکن و ڕووداوە جیاوازەکان ڕێگە خۆشـــکەر بوون بۆ دروســـتبوونی پەندەکان. جیاوازتریش لە لقەکانی تری ئەدەبی فۆلکلۆری، پەندی پێشـــینان هەمیشە زیندوویەتی خۆی سەلماندووە و دانەبڕاوە.

## چۆنیەتی دروستبوونی پەندی پێشینان

مێژووی دروستبوونی پەندی پێشینان بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی کۆنەکردنەوە و نەنووسینیان ناتوانین بڕیاری تەواو لەبارەی مێژووی دروستبوونی پەند بدەین. هەر بۆیەش چەند بۆچوونێکی جیاواز لەبارەی مێژووی سەرهەڵدانی پەندی پێشینان دروست دەبێت.

**بەهمەنیار** لەبارەی سەرەتای پەیدابوونی پەندی پێشینانەوە دەڵێت: ''پەند یەکێکە لە کۆنترین بابەتی ئەدەبیاتی داهێنراوی مرۆڤ، پێش ئەوەی شیعر بڵێت و بەر لەوەی نووسین دابهێنێت، پەندی داهێناوە و لە قسەکردندا بەکاری هێناوە. هەر بۆیە سەرەتای پەیدابوونی پەند دیاری ناکرێت"(صدیق اورحمان علی، ٢٠٢٣: ١٢) هەروەها پەیدابوونی هەر جۆرێکی پەند پەیوەندی بە ڕووداوێک یان بابەتێک هەیە، بۆیە دەگوترێت ''سەرچاوەی گشت پەندێک سەرەتایەکی هەیە بۆ چیرۆک و کارەسات و ڕووداو و لێقەومانێک دەگەڕێتەوە، ئەو کورتە چیرۆکانە پیاوە ژیرەکان کاکڵەکەیان بەپێی کات و بەسەرچوونی لە قاڵبێکی جواندا داڕشتووە، جاری وایە دوو پەند لەسەر ڕووداوێک هەڵدەهینجرێت"(عمر شێخ الله دەشتەکی، ١٩٨٠: ٧) پەند لەخۆوە ناگوترێ و دروست نابێت، بەڵکوو لە ئەنجامی ڕووداوێک یان کارەساتێک دێتە ئاراوە، پەندەکەش بە ئامانجی ئامۆژگاری و ڕێنیشاندەر دەگوترێ. جگە لەوە دەکرێ هەندێک لە پەندەکان لە ئەنجامی خەیاڵەوە دروست بووبن و سەرچاوەیەکی واقیعی لەدواوە نەبێت، چونکە ''پەند کورتە ئەزموونێکی مرۆڤایەتییە ئەشێت ئەزموونەکە ڕاستەقینە ڕوویدا بێت، یان خەیاڵی بێت و داهێنراوی خەیاڵ بێت، یان ڕاستەقینە بێت و بەوشێوەی جۆراوجۆر بگێڕدرێتەوە و گۆرانکاری تێدابکرێت"(زبیر احمادی و حریز بکار، ٢٠٢٠: ٨) خەیاڵ و ئەزموون ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە خوڵقاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان، لە پەندی پێشینانیش ئەزموون ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و خەیاڵیش بێبەش نابێت. نکوڵی لەوە ناکرێت خەیاڵ دەتوانێ داهێنانی گەورە دروست بکات، دەکرێ لە پەندی پێشینانیش خەیاڵ هۆکاری دروستبوونی پەند بێت بۆ ڕێگریکردن لە شتێک.

لێکۆڵینەوەی زۆر لەبارەی کۆکردنەوە ئەدەبی فۆلکلۆری بە گشتی و پەندی پێشینان بە تایبەتی کراوە، لەبارەی **یەکەم دەستنووسی**[17] فۆلکلۆری کوردی پەندی پێشینان دەگوترێ ''ئەو دەستنووسەیە لە ساڵی ١٧٧١ نووسراوە لە ماتینەدەرانی ئەرمینیای سۆڤیەتی بەناونیشانی (میسرۆب ماشتۆسە)، ئەم دەستنووسە دەیان پەندی پێشینانی کوردی تیایە بەپێتی ئەرمەنی لە زاری کەسێکی نەناسراوەوە نووسراوە، لەگەڵ تێپەڕبوونی (٢٦٥) ساڵ بەسەر نووسینەوەیاندا، هێشتا لەلایەن کوردەکانی سۆڤیەتەوە بەکارئەهێنرێن"(شوکریە ڕەسووڵ، ١٩٨٤: ١٩) وە **دووەم دەستنووس** بریتییە لەو ''دەستنووسەی کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا لەلایەن زانای کورد مەلا مەحموودی بایەزیدییەوە نووسراوەتەوە، ئەم دەستنووسە لە کتێبخانەی بەشی لینینگراد لە زانستگای ڕۆژهەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت بەناوی (وەرگێڕانی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق بۆ سەر زمانی کوردی) پارێزراوە. "(شوکریە ڕەسووڵ، ١٩٨٤: ١٩).

لەبارەی یەکەم گوتن و دەربڕینی پەندەوە **(زایلەر)** پێیوایە ''کەسێک لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا وتوویەتی کاتێک خەڵکی بەرگوێیان کەوتووە، دواتر بڵاوەی کردووە، لەبەر ئەوەی بە دەربڕینێکی سەرکەوتوویان زانیوە"(صدیق اورحمان علی، ٢٠٢٣: ١٢). دەربڕینی پەندێک بەشێوازێکی جیاواز و گونجاو دەبێتە هۆی پەسەندکردن و وەرگرتنی پەندەکە لای خەڵکەکانەوە.

---

17. یەکێک لەو نموونانەی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی زۆر بڵاوە و لەو دەستنووسەدا ئاماژەی پێکراوە بریتییە لە: عەقڵ تاجی زێڕینە، لەسەری هەر کەس نینە. ئەم پەندە بەشێوەیەکی فراوان لە کاتی قسەکردن بەکاردێ، ئاماژەشە بۆ کەسێک کە کارێکی خراپ و ناشاز دەکات.

# گرینگی پەندی پێشینان

پەندی پێشـــینان وەک هەر لقێکی تری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی گرینگی زۆری هەیە، چونکە پەندە فۆلکلۆرییەکان لە هەڵقووڵاوی بارودۆخی کۆمەڵایەتین و سـیسـتەمی ژیان و ڕابردووی دوورمان بیردێنێتەوە. هەڵبەتە زانین و تێگەیشـتن لە ڕابردوو دەبێتە هۆی وشـیاربوونەوە و تێگەیشتن بۆ داهاتوو.

هەروەها گرینگی ئەو پەندانە لەوە دایە کە ''هەریەکەو دوای ئەزموونێک دروسـت بووە وەک باپیران خۆیان دەڵێن: (هەر عەقڵەک لە خەسارەکی) .. واتە: لە هەر زیانێ لە هەر نووشستێیەک کە لە ئەنجامی گرتنەبەری کارێکدا لە بواری کۆمەڵایەتی، یان سـیاسـی، یان بازرگانی و ... تاد، تووشی مرۆڤ دەبێت. مرۆڤەکان ئەزموونێکیان لا دروست بووە و زانیویانە دەبوو کارەکەیان بەوجۆرە نەکردبا و ئەگەر جارێکی دیکە بیریان لە ئەنجامدانی کارێکی هاوشـێوە کردەوە ئەوا دەبێ ئاواو ئاوا بکەن، بۆ ئەوەی لە هەڵەی جاری گۆڕین نەکەونەوە، یان ئەنجامی ئەوجارەیان لەوەی پێشوو باشتر بێ و ڕێگەیان ئاسانتر و دەسکەوتیان بەسوودتر بێت''(ئیدریس عبداللە، ٢٠١٤: ١٠) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەندی پێشـینان دەبێتە هۆی دووبارە ئەنجامنەدانی کارێکی هەڵە، یان سوودوەرگرتن لە هەڵەیەک و گۆڕینی بۆ دۆخێکی باشتر. هەبوونی ئەزموون دەبێتە هۆی دووربوون لە ئەنجامدانی کاری هەڵە، پەندی پێشـینانیش ئەزموونێکی زۆر بە خەڵک دەدات لە ژیاندا.

پەندەکان وتەی کورت و سـادەن، زۆرجار میتافۆرێکن پڕن لە حیکمەت و ئامۆژگاری. زۆرجاریش بەها کولتوورییەکان لەخۆدەگرن و گرینگی پێدەدەن. پەند پێشـینان گرینگییەکی بەرچاویان هەیە لە لایەنە جیاوازەکانی ژیان و پەیوەندیکردنیان لەگەڵ یەکتریدا.

**دەتوانین سوود و گرینگی پەندی پێشینان لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:**

## ١. میرات و ناسنامەی کۆمەڵگایە

پەندی پێشـــینان توخمێکی ســـەرەکییە لە نەریتی کولتوورییدا، چونکە ڕەنگدانەوەی بەها و بیروباوەڕ و ئەزموونی کۆمەڵگایەکن، وانەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازنەوە. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پاراســـتنی ناســـنامەی کولتووری و تێڕوانینێک بۆ جیهانبینییەکەی دەرەخسـێنێت. پەندی پێشـینانی هەر نەتەوەیەک گوزارشـت لە ژیان و ڕابردووی ئەو نەتەوەیە دەکات، دەتوانین لە ڕێگەی پەندەکانیانەوە پەی بە ڕابردوو و ژیانیان ببەین، چونکە پەند داهێنەری خەڵکە بۆ کۆمەڵگا، بۆیە جیاوازی پەند لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بۆ ســـروشـــت و قۆناغی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە.

## ٢. ئامرازی پەروەردەییە

لە زۆرێک لە کولتوورەکاندا پەند بۆ فێرکردنی منداڵان و گەنجان لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانەوە بەکاردەهێنرێت. پەندەکان وانەی ســـادە و لە هەمان کاتدا قووڵ دەگەیەنن، کە ئاســـانە لەبیرت بێت و جێبەجێی بکەیت. ئەم لایەنە پەروەردەییە لە داڕشـــتنی کارەکتەر و تواناکانی بڕیاردانـدا زۆر گرینگە. هەروەهـا پەنـدەکـان گرینگییەکی پەروەردەیی گەورەیان هەیە، چونکە ‘‘هەڵگری ناوەڕۆکێکی سوودبەخشن، ئەزموونێکی بەهادارن، گرنگی زۆریان هەیە، کە پێویستە بۆ پەروەردەی مرۆڤ و چاکسازی کردنی. گرنگترین سوودەکان پەندەکان لایەنی کۆمەڵایەتییە. بەو پێیەی خودی پەندەکان ئامانجیان دووبارە نەکردنەوەی هەڵەکان و ڕاســـتەڕێکردنی ژیانی مرۆڤ و سوود وەرگرتنە لە ئەزموونە شکستخواردووەکانی ڕابردوو، کە جۆرێک لە جۆرەکان پێیدا تێپەڕیون و لە چوارچێوەی پەندێکدا داڕێژراون، تا بمێنێتەوە بۆ پەند لێوەرگرتن’’(صـــدیق اورحمان علی، ٢٠٢٣: ٢٥) هەڵبەتە کاریگەریی پەندەکان لەســەر پرۆســەی پەروەردە بە ئاســایی و ئاشـکرا دەبینرێ، ئەمەش مانای ئەوەیە، کە پەندی پیشـینان گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە لەم بوارەدا.

## ٣. ڕێنمایی کاری باشە

زۆرێک لە پەندەکان فێرکاریی و ڕێنماییە ئەخلاقییەکان لەخۆدەگرن، چونکە لەم ڕێیەوە دەتوانن تـاکێکی کولتووری و ئەخلاقی بەرهەمبێنن. ئـامـاژەیەکی خێرایە بۆ ئەوەی کۆمەڵگـایەک بە ئاراسـتەیەکی ڕاسـت ببات. بۆ نموونە کاتێک دەگوترێت "ڕاسـتگۆیی باشـترین کارە" ئەم پەندە دەبێتە هۆی هاندانی ڕاستگۆیی.

## ٤. چارەسەرکردنی کێشەکان

زۆرجار پەندەکان چارەســەری پراکتیکی یان تێڕوانین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشــەکانی ژیان پێشــکەش دەکەن، لە ناویشــیاندا ‘‘چارەســـەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکی ترە لە گرنگییەکانی پەندەکان، چونکە پەندی پێشـینان وەک ڕەچەتەکی کۆمەڵایەتی ئامادەکراو وایە، بۆ چارەســەری ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. بەشـێوەیەکی کورت و پوخت، کە گوزارشـتە لە ئەزموونێکی هاوشـێوە، کە پێشـتر ڕوویانداوە’’(صـدیق اورحمان علی، ٢٠٢٣: ٢٥) ئەزموون و حیکمەتی مرۆڤەکـان دەتەقێننەوە بۆ دەســـتەواژەی لەبیرنەکراو، ڕێنمـایی دەدەن لە دۆخە نادیارەکاندا. بۆ نموونە "لە کوێ ئیرادەیەک هەبێت، ڕێگایەک هەیە" ئەم پەندە دەبێتە هاندەری کۆڵنەدان لە بەرامبەر بەربەستەکاندا.

## ٥. کاریگەریی ئەدەبی و هونەری

پەندەکان بە درێژایی مێژوو کاریگەرییان لەسەر ئەدەب و هونەر و مۆسیقا هەبووە. نووسەر و هونەرمەندان پەند بەکاردەهێنن بۆ زیادکردنێکی قووڵ لە کارەکانیان و وروژاندنی هەســـت و پەیوەندیکردن لەگەڵ بینەر لە ئاســـتێکی قووڵتردا. زۆرجار پەندەکان وەک بڕبڕەی پشـــتی ئەخلاقی ســـەیر دەکرێن، یان بابەتەکانی وەک چیرۆک و شـــیعر و گۆرانی کار دەکەن لە بوارەکەدا. لە بنەڕەتدا پەندەکان تەنیا دەربڕینی زمانەوانی نین، بەڵکوو بە قووڵی لە پەیکەری کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگاکاندا چەســپاون و ڕۆڵێکی چارەنووســـاز لە پەیوەندی و پەروەردە و گواستنەوەی حیکمەتی بەکۆمەڵدا دەگێڕن.

## تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینان

پەندی پێشینان وەک هەر بابەتێکی تری ئەدەبی فۆلکلۆری یان گشتی، تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بەمەش بە ئاسانی لە بابەتەکانی تری ئەدەبی جیادەکرێتەوە. دەتوانین تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینان لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

### ١. کورتی و پوختی

پەندەکان بە شێوەیەکی گشتی کورت و پوختن، زۆرجار تەنها لە یەک یان دوو ڕستە پێکدێن، بەڵام ئەم کورتییە کاریگەری ناکاتە سەر واتای پەندەکان، بەڵکوو بە بەهێزتریشەوە دەردەکەوێ و واتا قووڵەکەشی دەمێنێتەوە. وەک:

"**قسە کەوتە زارێ، ئەکەوێتە شارێ**" گەر سەیری ئەم پەندە بکەین دەبینین زۆر کورت و پوختە، وە لە دوو ڕستەی کورت پێکهاتووە، لەڕووی واتاشەوە زۆر قووڵ و فراوانە. ئەم پەندە زیاتر ئەو کاتانە بەکاردێ کە کەسێک قسەیەک لای کەسێکی تر دەکات و قسەکە بڵاودەبێتەوە. بۆیەش زۆرجار دەگوترێ متمانە بە کەس مەکە و قسەی خۆت لای کەس باس مەکە، چونکە قسەکەت دەڕوات و دەگاتە لای هەموو خەڵک.

### ٢. پیشاندانی ڕاستییەکان

پەندەکان بەشێوەیەکی گشتی گوزارشت لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگا و سەردەمێکی دیاریکراو دەکەن، چونکە پەندەکان لە ئەنجامی کێشە و ڕووداو و کارەساتەکانەوە هاتوونەتە ئاراوە، بۆیە هەر پەندەو گوزارشت لە کۆمەڵگای خۆی دەکات. گەر سەرنجی پەندی پێشینانی کوردیش بکەین دەبینین کە چۆن ڕابردوومان نیشان دەدات. لە کاتێکدا زۆرێک لە پەندەکان گوزارشت لە ڕاستییە گشتگیرەکان دەکەن، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین کە زۆرجار ڕەگوڕیشەی قووڵیان لە چوارچێوەی کولتووری و مێژوویی ئەو کۆمەڵگایەدا هەیە کە لێیەوە سەرچاوە دەگرن.

### ٣. زمانی ڕەوانبێژی

پەند و ڕەوانبێژی پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە، لەم ڕووەوە دەگوترێت ‘‘پەند خاوەن زمانێکی تایبەتی خۆیەتی و هەمان زمانە گشتییەکەی ناو کۆمەڵگایە: چونکە قسەی سەر زاری خەڵکی ئاسایین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی سروشتی زمانی کوردی پڕن لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی’’(بەکر کانی هەمزەیی، ٢٠١٢: ٨) زۆرێک لە پەندەکان بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان سوود لە زمانی (خوازە) مێتافۆر یان مەجازی وەردەگرن. ئەم بەکارهێنانەش واتای پەندەکە قووڵتر و زیاتر دەکات. وە ڕێگە دەدات پەندەکە بە شێوازی جۆراوجۆر لێکبدرێتەوە. بۆ نموونە:

**"گەر لە بێشە شێر نەما، گورگ و مام ڕێویێ ئەکەونە سەما"** وەک لەم پەندەی پێشیناندا دیارە مەجاز بەکارهاتووە، شێریان لە شوێنی مرۆڤ داناوە، لە نیوەی دووەمیش بە هەمان شێوەیە مەجاز کراوە، بەمەش بەها و ئیستاتیکای پەندەکە بەرزبۆتەوە.

### ٤. ڕیتم و ئاواز

هەندێک لە پەندەکان خاوەنی ڕیتم و ئاوازی خۆیانن، بەمەش ئیقاعێکی خۆش و جوانیان لە قسەکردن دروست کردووە. ئەمەش دەبێتە هۆی پێدانی چێژ بە خوێنەر و گوێگر، وە دەتوانێت سەرنجیشیان ڕابکێشێت. پەندی پێشینانی کوردیش لە ڕیتم و ئاواز بێبەش نییە. گەر لە پەندەکان وەردبببینەوە دەبینین کە ‘‘بەشێک لە پەندی پێشینانی کوردی خاوەن ڕیتم و ئاواز و ئاهەنگەن، ئەمەش لە ئاکامی هارمۆنیەتی وشەکان و گونجانیان لە ڕستەدا، یان لە ڕێگەی سەروا و وەستانەوە جۆرە مۆسیقایەک بە پەندەکە دەبەخشن’’(عبدالباقی اکرم احمد، ٢٠١٢: ١٣) نموونە:

**"ژن بدە بە ژن مردوو، گا بدە بە گا مردوو"** لەم پەندەدا هەریەکە لە وشەکانی (ژن، گا، مردوو) دووجار دووبارە بوونەتەوە بەمەش جۆرە ڕیتمێکی بە پەندەکە بەخشیوە.

### ٥. بێخاوەنی

بێخاوەنی یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی پەندی پێشینان بە گشتی و پەندی پێشینانی کوردی بە تایبەتی. پەندەکان سەرچاوەی نادیاریان هەیە، واتە خاوەنیان دیار نییە و بە شێوەی زارەکی لەسەرەتای دروستبوونی تا ئێستا بۆ نەوەکان گوازرانەتەوە. دەکرێ هۆی سەرەکی بێخاوەنی پەند بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ''پەند لەسەرەتاوە دەست نادات بۆ نووسینەوە و تۆمارکردن، تا گەشەی تەواو دەبێت لەسەر دەستی خەڵک"(زبیر احمادی و حریز بکار، ٢٠٢٠: ١١). بەشداریکردنی خەڵک دەبێتە هۆی گەشەسەندنی پەندی پێشینان.

### ٦. جێگیری و چەسپاوی

پەندەکان جێگیرن و سەرچاوەی ڕەسەنی خۆیان ناگۆڕن، پارێزگاری لە سەرچاوە و کاراکتەری ناو پەندەکان دەکەن. لەڕووی ڕەگەزەوە واتە لە نێر و مێ، یان لەڕووی ژمارەوە تاک و کۆ، چونکە پەند سەرچاوەی ڕەسەنی خۆی ناگۆڕێت کە لێوەی هاتووە، بۆیە نەگۆڕی؛ تایبەتمەندی پەندە، واتە لە نێرەوە بۆ مێ، یان لە تاکەوە بۆ کۆ گۆڕینی بەسەردا نایەت، فۆڕم ڕەگەزێکی سەرەکییە لە پەنددا وەک ڕەسەنایەتییەک بەردەوام پێوەی دەمێنێتەوە. (صدیق اورحمان علی، ٢٠٢٣: ٢٧) کەوایە پەندەکان ڕەسەنایەتی خۆیان لەدەستنادەن و بە جێگیری دەمێننەوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین: پەندی پێشینان وەک لقێکی ئەدەبی فۆلکۆری خاوەن چەندین تایبەتمەندی خۆیەتی، کە سەرجەمیان ئاماژە کرۆکی پەندی پێشینان دەکەن.

# بەشی سێیەم

رەهەندی رەخنەی کۆمەڵایەتی لە پەندی پێشینانی کوردیدا

## پراکتیزەکردنی ڕەهەندی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە پەندی پێشینانی کوردیدا

نووسەران و ڕۆشنبیران لەپێناو خزمەتکردن بە کۆمەڵگا و نەهێشتنی جیاوازی و هێنانەدی دادپەروەری بەشێوەی جیاجیا ڕەخنەیان لە دیاردە نەشازە کۆمەڵایەتییەکان گرتووە. هەریەکەیان لە ڕێگەی ژانرێکی ئەدەبییەوە ئەم هەوڵەیان بەجێگەیاندووە. ئەم هەوڵ و خزمەتکردنەش دەتوانێت ببێتە هۆی وشیاربوونەوەی تاک و کۆمەڵگاش لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر بگۆڕێت و بەرەوپێشی ببات. بۆ ئەم مەبەستەش نووسەران و ڕۆشنبیران خزمەتێکی بێوچانیان کردووە. جگە لەوەش بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بگۆڕن سەیری گشت بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگایان کردووە و دیاردە خراپەکانیان نیشانداوە و ڕەخنەیان لێگرتووە. فرەڕەهەندی و دەلالەتی جۆراوجۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، نیشانەیە بۆ زۆری ڕەخنەکان لە بوارە جیاوازەکان لە کۆمەڵگادا. جا بەپێی تێگەیشتن و ئایدیای نووسەران دەشێ جۆری بەدەرخستنی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان جیاواز و جۆراوجۆر بێت. نووسەر و بیرمەندی کورد **شێخ محەمەدی خاڵ**[18] لە **پەندی پێشیناندا** [19] پەندێکی یەکجار زۆر کۆدەکاتەوە و دەیانخاتەڕوو.

---

18 . شێخ محەمەد زانا و نووسەری گەورەی کوردە، ناوی محەمەدە و کوڕی شێخ عەلی کوڕی حاجی شێخ ئەمین کوڕی شێخ محەمەدی خاڵە لە ساڵی ١٩٠٤ی زاینی لە شاری (سلێمانی) لە گەڕەکی گۆیژە لەدایکبووە لە ١٩٨٩/٧/١٥ هەر لە شاری (سلێمانی) کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان تەرمی پاکی بەخاک سپێردراوە. ناوبراو لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر و زانا هەڵکەوتووە هەر لە منالییەوە خەریکی دەرسخوێندن و مزگەوت بووە، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، بووە بە (مامۆستا) لە مزگەوتەی خۆیان کە بە مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین بەناوبانگە، لە ساڵی ١٩٣٩ بووە بە قازی لە شارەکانی (سلێمانی، کەرکووک، موسڵ)دا قازییەتی کردووە لە ساڵی ١٩٦٧ وازی لە کار هێناوە. ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراقی و کۆڕی زانیاریی کوردی بووە لە بەغداد لە ساڵەکانی (١٩٧٠-١٩٨٩).

19 . پەرتووکی (پەندی پێشینان) یەکێکە لە بەرهەمەکانی شێخ محەمەدی کە تا ئێستا سێ جار چاپکراوە، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٥٧دا بڵاویکردووەتەوە کە (١٣٠٨) پەندی تێدایە، کە لەم سامانەدا ڕەفتاری تایبەتی و بیرکردەنەوەی گەلی کورد و باری کۆمەلایەتی و ژیانی ڕوون و ئاشکرا دیارە، شاکاری گەلی نەتەوەی کوردە، ئەو ڕێکی خستوون، لە ساڵی ١٩٧١دا هەمان پەرتووکی لە چاپ داوەتەوە ژمارەی پەندەکانی پتر کردووە و گەیاندوویەتی بە (٣٨٩٣) پەند، لە ساڵی (٢٠٠٠) زایینی دیسان ئەم بەرهەمە بە چاپێکی جوانتر و قەشەنگتر لە شاری سلێمانی چاپ کراوەتەوە، واتە جاری سێیەمی کە ئەم بەرهەمەش وەکو خۆی گەنجینەیەکی پڕ لە گەوهەرە تا ئێستا بە پوختترین کارێکی کۆکردنەوەی (پەندی پێشینان) دادەنرێت کە لە کوردستان کرابێت و زۆرترین ژمارەی پەندی کوردی تێدا کۆکرابێتەوە.

بۆ خوێندنەوەی زیاتر لە بارەی شێخ مەحەمەدی خاڵدا، بڕوانە بەستەری زانیاری:

(https://zaniary.com/blog/6051dfbb1c8e4/%D8%B4%DB%8E%D8%AE-%D9%85%D8%AD%DB%95%D9%85%DB%95%D8%AF%DB%8C-%D8%AE%D8%A7%DA%B5)

**لەبارەی ئەو پیاوانەی بەتەمەنن و کاری خراپ دەکەن دەگوترێت:**

## ئاخری عومر و هەوەڵی ترۆیی

(شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٩: ١٣)

پیاوی پیر یان پیاوی بەتەمەن بەشـێکی گەورەی کۆمەڵگا پێکدەهێنن، جا لەڕووی هەبوون بێت یان ڕەفتارەکانیان، چونکە ئەگەرچی ڕێژەیەکی زۆر پێکدەهێنن و توانای کەمیان هەیە لەڕووی جەستەییەوە، بەڵام قسە و بڕیارەکانیان جێگایەکی گەورەیان هەیە، بەجۆرێک بڕیاردەری یەکەم لە ناو بنەماڵەکاندا ئەوانن. لە کولتووری کوردیدا پیاوی پیر پێگە و ڕێزێکی زۆری هەیە، هەر بۆیەش زۆر جار پێیاندەگوترێت "ڕیش سـپی" ئەم وشـەیە وەکو ڕێز و گەورەی بۆ خودی کەسـەکە بەکاردێت. گەورەی پیاوی بەتەمەن بەهۆی نوێنەرایەتیکردنی فەرهەنگییەوەیە کە لە زۆرێک لە کولتوورەکاندا وەک کەسـایەتییەکی ژێر سـەیر دەکرێن کە زانسـت و بەها نەریتییەکانیان بەدەسـتەوەیە، یان زۆرجار وەک گێڕەڕەوەیەک وێنا دەکرێن کە فۆلکلۆر و مێژوو دەگێڕنەوە، وە گێڕانەوە لە دەمی ئەوان ئیسـتاتیکایەکی بێئەندازەی هەیە. بەدەر لەوە چیرۆکەکانیان دەتوانێت وانەی بەنرخ بۆ نەوە گەنجەکان دابین بکات. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆرێک لە پیاوە پیرەکان ڕۆڵی چاودێر، ڕاهێنەر، یان سـەرکردەی کۆمەڵگا دەگرنە ئەسـتۆ، بەشدارییەکی بەرچاویان لە خێزان و کۆمەڵگادا هەیە. هەروەها دەتوانن ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە ببنەوە و چارەسەری بکەن.

لە ڕووی تەندروسـتی جەسـتەیی و دەروونی پیربوون ئاسـتەنگی تەندروسـتی جۆراوجۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەوانە کێشەکانی جووڵە، نەخۆشییە درێژخایەنەکان و گۆڕانکارییەکانی مەعریف،. بەڵام سـەرەڕای ئەوانەش گەورەیی و شـکۆی پیرەکان بە کەم نابینرێت، چونکە تەندروسـتی دەروونی زۆر گرینگە، بۆیە دەبینین زۆرێک لە پیاوە پیرەکان ڕووبەڕووی گۆشـەگیری یان خەمۆکی دەبنەوە، ئەمەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتە شـتێکی گرینگ. هەروەها ئەزموونی ژیانی پیاوە پیرەکان بە شـێوەیەکی تایبەت بە ڕووداوە مێژووییە

بەرچاوەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدەردەکەوێ، کە دیدگایەکی ناوازەیان بە ژیان بەخشیوە. بۆیە دەتوانم بڵێم ئەمانە بەهۆی ئەزموونکردنەوە بەدەستیانهێناون.

زۆرجار کۆمەڵێک تێڕوانینی تر دێن کە جیاوازن لە تێڕوانینە گشتییەکە و پێیانوایە: پیرە پیاوەکان خراپن. دەکرێ هۆی ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە پیاوێکی پیر یان چەند پیاوێکی پیر هەڵەیەک دەکەن، بەڵام ناکرێ هەموویان بە خراپ ببینین. بەبڕوای من پیاوە پیرەکان هەمیشە ڕۆڵی باشیان هەیە لە کۆمەڵگادا، باشترین نموونەش بۆ ئەمە سەیرکردنی کارەکتەرەکانی ناو فیلم و ئەدەبییاتە بەگشتی کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگامان بۆ دەگوازێتەوە و نیشانمان دەدات.

ئەم پەندە باس لەو کەسانە دەکات، کە لە تەمەنی پیریدا بەدوای کاری خراپ و نەشاز دەچن. بەشێوەیەکی گشتی وێنە و پێگەی پیاوی بەتەمەن (پیر) لە کۆمەڵگای کوردی هەمیشە جێگایەکی بەرزی هەبووە و مایەیی شانازی بووە. هەر بۆیەش زۆرجار وەک پیاوی نورانی یان ئارامبەخش سەیر دەکران، چونکە هەمیشە خاوەن بڕیار و شکۆیەکی بێوێنە بوون. وەک دەزانین و دەگوترێت (پەنجەکانی دەست وەکو یەکتری نین) ئەم قسەیە لەم بوارەدا زۆر گونجاو و بەجێیە، چونکە لە هەموو بوارێکدا ناتوانین هەموو شتەکان وەک یەک ببینین، پیاوەکانیش لەگەڵ یەکتریدا جیاوازیان هەیە و خاوەن ڕەفتار و ئایدۆلۆژیایی خۆیانن، ناکرێ هەموویان بەباش یان خراپ ببینین. لە هەموو جێگا وماڵێکدا باش و خراپ هەیە.

ئەم پەندە وێنەی پیاوی پیر و خراپی ناو کۆمەڵگامان بۆ دەکێشێت، ڕەخنەش لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دەگرێت کە پیاوانی پیر لە جیاتی کاری باش و هاندانی گەنجان بۆ کار و ڕەفتاری جوان، کەچی خۆیان خەریکی کاری خراپ و دوور لە بەهای کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگان. ئەگەرچی ئەم پەندە زۆر کۆنە، بەڵام لەگەڵ واقیعی پیاوی ئێستا زۆر گونجاوە، چونکە پیرە پیاوی ئێستا بەشێکیان لە کولتوور و ڕێزی کۆمەڵگا بەدوور کەوتوونەتەوە و شتانێک دەکەن، کە گەنجەکانیش لە سەرگەرمی و سەرەتای لاویی خۆیان شەرمی لێدەکەن.

**لەبارەی تەماحکردنەوە دەگوترێت:**

## ئەدا بەلای مارا کلکی ئەقرتێنێ

(شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٩: ٢٥)

تەماح ئارەزوویەکی چڕ و خۆپەرستانەیە بۆ شتێک، جا هەرشت بێت کە هەبێت یان نا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆرجار سامان یان دەسەڵات یان خاوەندارێتی ماددییە. بەگشتی وەک ئارەزووییەکی تێرنەکراو سەیر دەکرێت، کە تاکەکان پاڵدەنێت بۆ گەڕان بەدوای شتێک زیاتر لەوەی کە پێویستیانە.

تەماح واتە بەدەستهێنانی زیاتر لەوەی دەتەوێت یان هەتە. یان خواستێکی تێرنەکراوە بۆ داهاتی زیاتر، خاوەندارێتی زیاتر، کاریگەری زیاتر، دەسەڵاتی زیاتر. تەماح پەیوەندی بەهەموو بابەتەکانەوە هەیە، نەک تەنیا ئابووری، بەڵام زیاتر لە بابەتە ئابوورییەکان باس دەکرێت. تەماح پاڵنەرێکی بەهێز و گەورەیە بۆ بەدەستهێنان زیاتر لە ئاستی خۆی. زۆرجار تەماح لەسەر حیسابی ئەوانی تر دەبێت، چونکە دەستدرێژییە بۆ سەر بەشی کەسانی تر. تەماح مرۆڤەکان هاندەدات بۆ ئەوەی بەدوای سامان و دەسەڵات زیاتر بکەون. بۆیەش زۆرجار دەبێتە هۆی ڕەفتارێکی نائەخلاقی یان زیانگەیاندن بە کەسانی تر. لە کاتێکدا ئاستێکی دیاریکراوی تەماح دەتوانێت تەندروست بێت[20]، بەڵام تەماحی کۆنترۆڵنەکراو دەتوانێت لێکەوتەی نەرێنی بۆ تاکەکان و کۆمەڵگا بە گشتی هەبێت.

---

20 . ئەم جۆرەی تەماح زۆر بەکەمی ڕوودەدات، چونکە لەلایەک زۆربەی تەماحەکان بۆ سەر حساب و بەشی کەسانی ترە، لەلایەکی تر تەماحکردن بێسنوورە، بەمەش جۆرە داگیرکارییەک ڕوودەدات. بەدەرلەوە تەماحکردن یاخیبوون بەدوای خۆی دەهێنێت. لە ئابوورییە سەرمایەدارییەکاندا، بەرژەوەندی خۆیی دەتوانێت ببێتە هۆی داهێنان و گەشەی ئابووری. بەڵام تەماحی کۆنترۆڵنەکراو دەتوانێت ببێتە هۆی شکستی بازاڕ و نایەکسانی کۆمەڵایەتی.

لەڕووی ڕەفتارەوە تەماحکردن دەبێتە هۆی ڕەفتاری نائەخلاقی وەک فێڵکردن. جگە لەمەش تەماحکردن کاریگەری کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە تەماح دەتوانێت نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەورەتر بکات، ئەمەش خراپەکاری زۆر بەدوای خۆی دەهێنێت. هەروەها کولتوور و فەلسەفە جیاوازەکان لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ تەماح هەیە. بۆ نموونە زۆرێک لە ئایینەکان وەک خراپەکارییەک سەیری تەماح دەکەن، لە کاتێکدا هەندێک تیۆری ئابووری پێیانوایە کە تەماح دەتوانێت ببێتە هۆی داهێنان و پێشکەوتن. وە تێگەیشتن لە تەماح بریتییە لە پشکنینی ڕەگ و کاریگەرییەکانی هەم لەسەر تاک و هەم لەسەر کۆمەڵگا. زۆرێک لە ئایینەکان تەماح بە خراپە دەزانن. تەماح پەیوەندییە کەسییەکان زیاتر و بەهێزتر دەکات، چونکە وا لە تاکەکان دەکات ئارەزووەکانی خۆیان لە پێشینەی پێداویستییەکانی کەسانی دیکەدا دابنێن.

زۆرجار تەماح دەبێتە هۆی فێرکردن و پێدانی بابەتی زۆر گرینگ. ئەو کەسانەی بەهۆی تەماحەوە پێشخۆیان نابینن تووشی دڵەڕاوکێ و بێهیوایی دەبن، چونکە لە کۆتایی بۆیان دەردەکەوێ کە تەماح سەرچاوەی هەموو خۆشییەکان نییە و ئامانجەکان بەدیناهێنێت. بۆیە زۆرجار بۆیان دەردەکەوێت کە بەدەستهێنانی زیاتر نابێتە هۆی بەختەوەرییەکی بەردەوام.

کۆمەڵگا پێویستی بە هۆشیاری و پەروەردەی زیاتر هەیە، چونکە زیادکردنی هۆشیاری سەبارەت بە کاریگەرییەکانی تەماح دەبێتە یارمەتیدەرێکی گەورەی تاک و ڕێکخراوەکان کە نەکەونە ژێرباری ئەم تەماحکردنەوە.

پیرەمێردی شاعیر لەبارەی تەماحەوە دەڵێت:

تەماع وەک ئاوی شۆری دەریایە

هەر ئەیخۆیتەوە و تەسەللات نایە

(فایق هوشیار و هاوڕێکانی، ٢٠٠٧: ٩٠)

پیرەمێردیش لەم دەقەدا جەخت لەســــەر خراپی تەماح دەکاتەوە، کە پێیوایە مرۆڤ هەرچەندە بەدوای تەماح بکەوێ، پێیەوە نابێتە هیچ.

ئەم پەندەی ســەرەوە زیاتر بۆ ئەو کەسـانە بەکاردێ کە بەتەماحن و چاویان هەمیشــە بەدوای تەمـاحەوەیە و بەمەش هیچی تر نـابینن. تەمـاح یەکێکە لەو بـابەتـانەی کە لە کۆنەوە تـاکوو ئێســتاش جێگای باس بووە. بەجۆرێک دەیان بەســەرهاتی نەرێنی جیاوازی لەبارەوە گوتراوە، چونکە هەمیشــە مرۆڤ بە ئاراســتەیەکی خراپ دەبات و تووشــی دەیان گرفتی نەخوازراوی دەکات.

لە کۆمەڵگای کوردی تەماح زۆر شتی خراپی بەدوای خۆیەوە هێناوە. زۆرجار کوشتن لە بابەتە هەرە ســــەرەکییەکان بووە. گەر لە ڕابردووی خۆمان وردببینەوە دەبینین، برا بەهۆی تەماحی میرات و زەوی دەســتی چۆتە خوێنی برای خۆی و کوشــتوویەتی، هەڵبەتە ئەمە تەنیا لەکۆندا نەبووە، بەڵکوو لە ئێســتاشــدا زۆرجار دەبینین شــەڕی نێوان دوو بنەماڵە بۆی تەماحەوەیە و ســـەرەنجام کوشــتن و دوژمنداری بەدوای خۆیەوە دەهێنێت. یان هاوڕێ خیانەتی لە هاوڕێی خۆی کردووە بۆی تەماحکردنەوە.

ئەم پەندەی ســـەرەوە ڕەخنە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دەگرێت، کە تاکەکان هەمیشـــە بەدوای تەمـاحەوە کەوتوون و ئەمەش وایـان لێدەکات ئـاگاداری ژیـانی خۆیـان نەبن و زەرەری زۆر بەخۆیان و خەڵکی تر بگەینن، چونکە زۆرجار لە ئەنجامی تەماحکردنەوە دەسـتدرێژی بۆ سـەر ژیـان و مـاڵی کەســـانی تریش دەکەن. بۆیە دەتوانین بڵێین تەمـاح یەکێکە لە هۆکـارە هەرە ســـەرەکییەکان کە بووەتە هۆی دروســـتبوونی دەیان کێشـــەی گەورە و دووبەرەکی لەنێوان خەڵکدا. کەسی تەماحکار چاوی تەنیا خۆی و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبینێت.

### لەبارەی هەبوونی و پەیوەندی خەڵکی لەگەڵت دەگوترێت:

## ئەگەر بەماڵی، بە مام و خاڵی، ئەگەر بێ ماڵی بە بیت المالی

(شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٩: ٢٨)

هەبووی یان سـامانداری ئاماژەیە بۆ زۆری سـەرچاوەی بەنرخ یان موڵک و ماڵی ماددی، کە چەندین شـێوەی جیاواز لەخۆدەگرێت، لەوانە پارە، موڵک، وەبەرهێنان و سـەروەت و سـامانی دیکە، بەڵام پێویسـتە ئاگاداری ئەوەبین کە لەکاتێکدا سـامان دەتوانێت شـێوازی ژیانت باشـتر بکات، بەڵام لە دەرەوەی خاڵێکی دیاریکراو، ڕەنگە بە شـێوەیەکی بەرچاو بەختەوەری زیاد نەکات، چونکە زۆرجار خۆشـگوزەرانی پەیوەسـتە بە پەیوەندی و ئامانجەوە، نەک هەبووی و سـەرمایەداری. هەروەها هەڵەیەکی زۆر بەرچاو و گەورە هەیە کە بریتییە لەوەی خەڵک بەهای خۆیان بە باری دارایی خۆیانەوە ببەسـتنەوە، واتە گەر دەوڵەمەند بن مانای ئەوەیە پێگەیان بەرزە و گەر هەژاربن واتە لە ئاسـتێکی نزمدان، ئەمەش دەبێتە هۆی فشـاری دەروونی و بەدواکەوتنی ژیانی ئەوانیتر.

دەتوانین جۆرەکانی سامان بەمشێوەیە دابەش بکەین:

سامانی دارایی: پارە و پشک و بۆند و سەروەت و سامانی دراوی تر.

سامانی فیزیکی: خانووبەرە و ئۆتۆمبێل و سەروەت و سامانی بەرجەستەی تر.

سامانی فیکری: زانست و لێهاتوویی و خاوەندارێتی فیکری.

سامانی کۆمەڵایەتی: پەیوەندی و تۆڕەکان کە دەتوانن پاڵپشتی و دەرفەت دابین بکەن.

لە کۆمەڵگای کوردیدا هەمیشـــە کەســـە هەبووەکان خەڵکانی زۆریان لە دەورە بووە بەئاگا و ڕابەری خۆیانی زانیوە، بەڵام ئەمە بەهۆی خۆشـەویسـتی خۆیان بۆ کەسـەکە نەبووە، بەڵکوو بەهۆی بەرژەوەندی خۆیانە، ئەوان باس دەزانن کەســـەکە لەڕووی دارای و پلەدارییەوە زۆر دەست ڕۆیشتووە بۆیە دەیانەوێ لەگەڵی بن و سـوودمەند بن. کاتێکیش هەمان کەس تووشـی نەبووی یان بێدەسەڵاتی دەبێت هەموو ئەوانەی لەگەڵی بوون لێی دووردەکەونە. زۆرجاریش لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا دەگوترا (هەتا گندۆر گندۆر بوو، خزمێ مە گەلەک زۆر بوو، گندۆر هاتە برانێ خزم هاتنە قرانێ) ئەم پەندەش هاوتای پەندی ســەرەوەیە و هەمان واتا بەدەســتەوە دەدەن.

ئەم پەندە وێنەی دۆخی دواکەوتوویی و مەســـڵەحەتی خەڵکمان بۆ دەکێشـــێت، کە چەندە بەرژەوەندییانە ڕەفتار دەکەن و شێوەیەکی تری خۆیان پیشان دەدەن و دەبنە کەسانی دووڕوو لەپێناو مەسڵەحەتی خۆیان.

ئەم پەندەی ســـەرەوە ڕەخنە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دەگرێت کە بووەتە هۆی دروســـتبوونی پەیوەندییەکی بەرژەوەندیانە. ئەم بابەتە نوێ نییە، بەڵکوو لە کۆنەوە بەرۆکی کۆمەڵگای کوردی گرتووە. هەڵبەتە ئەم کارە تەنیا لای خەڵکانی ئاســـاییەوە نەدەبینرا زۆرجار شـــاعیران و نووسەران لەپاڵ ئاغاکانەوە دەژیان و لەپێناو ئەوان دەیاننووسی.

بەکارهێنانی ئەم پەندە لە چوارچێوەیەکی تەســـکی کۆمەڵاییەتیدا زیاتر ئەو کاتانە بەکاردێت کە ئەو کەسانەی لە گوندەکان خاوەنی بەرووبوومی زۆر بوون، خەڵکی زیاتر دەچووە سەردانیان، وە ئەوانەی لەم ڕووەوە وێران بوون کەمتر خەڵک دەچووە سەردانیان.

## لەبارەی کەسی زۆر بلێوە دەگوترێت:

# ئەگەر زۆر بڵێیت، زۆریش هەڵە دەکەیت

(شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٩: ٣١)

سروشتی مرۆڤەکان لە یەکتری جیاوازە، هەر یەکێکیان کەسایەتییەکیان هەیە و خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندین. زۆر بڵێیش یەکێکە لە تایبەتەندییەکان کە کۆمەڵێک کەس هەیەتی و ناتوانێت بەسەری زاڵبێت. واتە ناتوانێت لە کۆمەڵگادا کەسانێک هەن زۆر قسە دەکەن (زۆر بڵێن) و هەندێکیشیان پێچەوانن کەم قسە دەکەن (کەم دوون). کەسی زۆربڵێ زۆرجار خۆیان سادەیی دەبینن و لە قسەکردندا ناتوانن خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، وە بەلایانەوە قسەکانی کەسی بەرامبەر هیچ گرینگییەکی نییە. ئەوان تەنها ڕاهاتوون خۆیان بخەنە ناو قسەکانیان و بەبێ بیرکردنەوەش ئەوە دەکەن، زۆربڵێیی دیاردەیەکی جیهانییە پەیوەندی بە زۆری وزەوە نییە و جۆرێکە لە سروشتی مرۆڤ.

ئەم پەندە سەرەوە ڕەخنە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دەگرێت کە کەسەکان زۆر قسە دەکەن و مەجالی کەسی گوێگر نادات، وە زۆر قسەکردنیش دەبێتە هۆی هەڵەکردنی زۆر، چونکە قسەکەر دەچێتە ناو بابەتی زۆرەوە و قسەی زۆر دەکات کە دەشی زۆربەیان پەیوەندی بەخۆیەوە نەبێت، ئەم قسانەشی هەمووی ڕاست نابن، بۆیە هەڵەی زۆری تێدەکەوێ. لە کۆمەڵگای کوردیشدا زۆر بڵێ وەک کەسێکی ڕەزاقورس و کەم دەردەکەوێ، چونکە دەبێتە هۆی بێزارکردنی کەسانی تر.

بۆیە دەتوانین بڵێین: زۆربڵێیی دەبێتە هۆی بێزارکردنی گوێگر، کەسی زۆربڵێ لە قسەکردندا درێژدادڕییەکی زۆر ئەنجامدەدات بۆیەش گوێگرەکان بێزار دەبن، چونکە هەمان قسە کە زۆر دەکرێت، دەتوانرێت بە وشەی کەمتریش بگوترێت.

**لەبارەی بەرزبوونەوەی نرخ لەسەر کاڵاکان چۆنیەتی نزمکردنەوەی دەگوترێت:**

## ئەگەر گۆشت گرانە نەخواردنی هەرزانە

(شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٩: ٣٢)

بەدرێژایی هەزاران ساڵ لە مێژوو، گۆشت یەکێک بووە لە خۆراکە بەهادارەکان، لەگەڵ ئەوەشدا نرخی گران بووە و لای هەموو کەسێک بە ئاسانی دەستنەکەوتووە. پەندەکە واتە: ئەگەر کارێک لە توانای مرۆڤدا نەبوو ئەنجامی بدات، نەکردنی باشە، چونکە ئەنجامدان و شکستهێنان تێیدا دەبێتە مایەی هەرزانکردنی گۆشتەکە. وەک دەگێڕنەوە دەڵێن: کەسێک دەچێتە لای ئەمیرێکی ئیسلام دەڵێت: گۆشت گرانە چی بکەین؟ ئەویش دەکەوێتە جواب و دەڵێت هەرزانی بکەن؟ خەڵکەکەش دەڵێت: چۆن؟ ئەمیری ئیسلامی دەڵێت: مەیکڕن. ئەم بەسەرهاتە لەگەڵ واقیعی ئەم پەندە دەگونجێت.

دەتوانم بڵێم زۆرجار ناتوانین دەسکاری نرخەکان بکەین، چونکە دەسەڵاتێکی ئەوتۆمان بەسەر بابەتەکەوە نییە، بۆ نموونە لە کاتی هەبوونی نەخۆشی کۆرۆنادا (کۆڤید-١٩) کە بووە هۆی لەناوبردنی خەڵکانێکی زۆر. پچڕانی گەورەی لە کارگەکانی بەرهەمهێنانی خواردن دروستبوو، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان. کەمیی کرێکاران و داخستنی کاتی، دابینکردنی گۆشتی خاوکردەوە، چونکە خەڵک نەیاندەتوانی بچنە دەرەوە و بازرگانی بکەن، بۆیە قەیران دروست بوو و نرخەکان زۆر بەرزبوونەوە و خەڵکیش ناچار بە کڕین بوو بۆ ئەوەی نەمرێت.

هەروەها زیادبوونی تێچووی خۆراک دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنانی گۆشت، بەتایبەتی بۆ ئاژەڵداری وەک: مانگا و بزن و مەڕ و مریشک ...هتد، کە زۆر پەیوەستە بە دانەوێڵەکان. وە نرخی ئەم مادده خۆراکییانە بەرزبووەتەوە بەهۆی کێشەکانی پەیوەست بە کەشوهەوا ئەمەش تێچووی بەخێوکردنی ئاژەڵ زیاد دەکات.

خواســـتی جیهانی بۆ گۆشـــت بە تایبەتی لە ئابوورییە گەشـــەســـەندووەکانی وەک (چین و ناوچەکانی تری ئاسـیا) زیادی کردووە. ئەمەش کێبڕکێی زیاتر بۆ سـەرچاوە سـنووردارەکان دروســت دەکات و نرخەکان لە ئاســتی نێودەوڵەتیدا بەرز دەکاتەوە و گرژییە بازرگانییەکان، وەک: باج و سـنووردارکردن و هەناردەکردن دەتوانن کاریگەرییان لەســەر نرخی گۆشــتیش هەبێت. بۆ نموونە سنووردارکردنی هەناردەکردنی گۆشتی بەراز یان پچڕانی بازرگانی گۆشتی مانگا لەنێوان وڵاتاندا دەتوانێت ببێتە هۆی هەڵاوســانی نرخ. بەمەش نرخی بەرز دەبێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەم هۆکارانە بەیەکەوە بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی گۆشـــت لە زۆر شوێنی جیهان و کاریگەری لەسەر هەردوو بەکارهێنەر و بازرگانەکان دروستکردووە.

پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین کە ئەم پەندە تەنیا پەیوەندیی بە گۆشتەوە نییە، بەڵکوو بۆ گشت بابەتەکانی تر دەگونجێت. هەمیشـە کاتێک کاڵایەک گران دەبێت، واتە نرخی بەرز دەبێتەوە، تاکە ڕێگا بۆ هەرزانکردنی ئەوەیە کە کـاڵایەکە نەکڕن، بەتـایبەت خواردنەکـان، چونکە گەر خەڵک نەیکڕێت و خاوەنەکەشـی نەیفرۆشـت بە زەرەری خاوەنەکە دەشـکێتەوە، چونکە بەرهەمەکە تێکدەچێت و شـیاوی خواردن نابێت. وە گران فرۆشـتنی بەشـێوەیەکی گشـتی لە زەرەری هەژارەکانە، چونکە کڕینی بۆ ئەوان قورسە، بەڵام بۆ دەوڵەمەندەکان ئاسانە.

بۆیە ئەم پەندە ڕەخنە لەو دیاردەیە دەگرێت، کە بەرۆکی خەڵک دەگرێت، بەهۆی نەشـــارەزایی خۆیانەوە ناتوانن زاڵبن بەسەر دیاردەکەوە. زۆرینەی جار کاتێک کاڵایەک نرخی بەرز دەبێتەوە خەڵک بەردەوامن لە کڕینی. بۆیە کێشەکەیان بەردەوامی دەبێت و خاوەن کاڵاکانیش سوودمەند دەبن لەم کارەدا. ئەمانجی ئەم پەندە ئەوەیە کە خەڵک لەوە وشـیار بکەنەوە، کە دەسـتهەڵگرتن لە کاڵایەکە دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی و سـوودمەندبوون لێی. بەبڕوای من وادەردەکەوێ ئەم پەندە بەهۆی ئەو چیرۆکەوە دروستبووبێت، کە لە سەرەتادا خستمەڕوو، چونکە نەتەوەی کورد پەیوەندییەکی پتەوی بە ئایینی ئیســـلامەوە هەیە، چونکە هەڵگری ئەو ئایینەیە، وە لەلایەکی تریش پەندە کوردییە و وادەردەکەوێ لەژێر کاریگەری ئەو چیرۆکەوە سەریهەڵدابێت.

### لەبارەی ڕابەرایەتی کەسانی بچووک بۆ کەسانی گەورە دەگوترێ:

## ئەگەر قەلەڕەش ڕێ نیشاندەر بێ، ئەبێ گەورە هەر دەربەدەر بێ

(شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٩: ٣٢)

لە کولتووری کوردیـدا ڕابەرایەتی بەشـــێوەیەکی فراوان دەبینرێ، جـا لە بنەمـاڵەیەک تـا عەشـیرەتێک و زیاتریش. ئەم شـێوەیە لە کۆنەوە بەشـێوەیەکی فراوان هەبووە و ئێسـتاش زۆر دەبینرێ. هەمیشـە قسـەی ڕابەرەکە لە سـەرووی قسـەی هەمووانە، هیچ کارێک بەبێ ئەمری ئەو جێبەجێ ناکرێت. بەم ڕابەرانە دەگوترێت (ڕدێن ســـپی). بەڵام زۆرجار کەســـێک لە شـــوێنی خۆیەوە ڕاسـت دەبێتەوە خۆی بەهەموو شـت دەزانێت و دەبێتە ڕێنیشـاندەر، ئەمەش زۆرجار کێشـــەی گەورەی بەدواوە دێت، چونکە ئەو کەســـە بە بەراورد بە کەســـایەتییە گەورە و ڕدێن سپییەکان هیچ شارەزا و ئەزموونێکیان نییە، بۆیە کێشەکان بە ئاراستەیەکی خراپتر دەڕۆن.

ئەم پەندەی ســـەرەوە وێنەی ڕابردووی کۆمەڵگای کوردیمان نیشـــاندەدات، کە چۆن کەســـێکی سـەرگەرم و نەزان بۆتە دەمڕاستی کەسە گەورەکان بەمەش تووشی نەهامەتی و دەردەسـەری بوون. هەر بۆیەش کاتێکی کێشـــەیەکی گەورە دروسـت دەبێت، دەڵێن مەهێڵن کەسـانی بچووک بڕیاری گەورە بدەن، چونکە کێشەکان بەرەو خراپتر دەڕۆن.

دەکرێ هۆی وێرانبوونی ڕابەرایەتی قەلەڕەش بەزۆری بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەزۆری پەیوەســـتن بە ئازادییەوە ئەم ئازادییە لە کولتووری کوردی خراپ دەبینرێ وەک لە پەندێکی تردا دەڵێن (ئەو تەیرەی لە ڕەوێ دابڕایە خورایە) دابڕانی تەیرەکە ئـازادییە بۆ ئەوەی خۆی بژیت، بەڵام بە ئازادییەکی خراپ وێناکراوە. هەروەها ئەو کەسـەی دەبێتە ڕێنیشـاندەری کەسـە گەورەکان وەک کەســـێکی ئازاد لە ناو هەموویان دەردەکەوێ. ئازادبوونی قەڵەڕەش لە فڕینی دایە، بەڵام ئـازادبوونی کەســـە بچووکەکـان لە ڕابەرایەتی کەســـە گەورەکـانە، چونکە ئەم بڕیاردانەیان دەرچوونە لە دۆخێکی گوێگرییەوە بۆ بڕیاردەری.

**له بارەی کاری خراپەی مەلاوە دەگوترێ:**

## ئەگەر مەلا بتڕی، جەماعەت لەخۆ ئەڕی

(شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٩: ٣٤)

ڕەخنە لە هەندێک پیاوی ئایینی بەگشتی و ئایینی ئیسلامی بەتایبەتی دەگرێت لە پرسە جۆراوجۆرەکان. هەندێکیان لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەوەیە تا تێوەگلان لە ئەجێندا سیاسییە زیانبەخشەکان. ئەمەش لە کاتێکدا زۆرێک لە پیاوانی ئایینی ڕۆڵێکی ئەرێنییان هەیە لە ڕێنمایی ئایینی و پەروەردە و سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگا، هەندێکیان ڕەخنەی بەرچاویان لێدەگیرێت. لێرەدا چەند بوارێک دەخەمەڕوو کە پیاوانی ئایینی ئیسلام و ئایینەکانی تر یان (زانایانی ئایینی و ئیمام و موفتییەکان) ڕووبەڕووی تۆمەتی کردەوەی خراپ بوونەتەوە، هەڵبەتە ئەم کردەوانەش دەبنە هۆی جێبەجێکردن لای پەیڕەوانی ئەم ئایینە وەک لە پەندەکەدا دیارە.

هەندێک لە پیاوانی ئایینی تۆمەتبارکراون بەوەی کە کاریگەریی خۆیان بۆ پەرەپێدانی ئایدۆلۆژیای توندوتیژی یان هاندانی تیرۆر بەکاردەهێنن یان هەیانبێت. پیاوانی ئایینی لەژێر پەردەی ئەرکی ئایینیدا توندوتیژییان کردووە، لەوانەش تیرۆر، بۆیە ئەنجامدانی تیرۆر لەلایەن کەسانی سەر بەم ئایینە شتێکی ئاسایی دەبێت. هەندێک لە پیاوانی ئایینی پشتیوانی لە گرووپە چەکدارەکان دەکەن، وەک: داعش و تاڵیبان ...هتد.

هەندێک لە پیاوانی ئایینی تۆمەتبارکراون بە خراپ بەکارهێنانی یاسای ئیسلامی (شەرع) بەتایبەتی دژی ژنان و کەمینەکان. وە پیاوانی ئایینی لە هەندێک کۆمەڵگەی کۆنەپەرستدا پشتگیری لە هاوسەرگیریی زۆرەملێ و هاوسەرگیریی منداڵان دەکەن.

له هەندێک ناوچەدا پیاوانی ئایینی پشتگیریان لەو شتانە کردووە کە دژی ئایینەکەیانە. لەلایەکی تر دژی مەسیحییەکان و هیندۆسەکان تاوانی گەورەیان کردووە واتە ئەو کۆمەڵگایانەی غەیرە ئایینەکەیانن ڕەفتاری خراپیان بەرامبەر کراوە.

هەندێک لە پیاوانی ئایینی سەرکردەی ئایینییەکانی تر تۆمەتبار دەکات بە خراپ بەکارهێنانی پارە یان شتە گرانبەهاکان لە کاتێکدا شوێنکەوتووەکانیان لە هەژاریدا دەژین. ئەم پیاوە ئایینییانە هەندێک جار ئیمان و متمانەی شوێنکەوتووانی خۆیان دەقۆزنەوە. لەلایەکی تر دامەزراوە ئایینییەکان و ڕێکخراوە گەورەکانی دیکە، ڕووبەڕووی تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆیان بوونەتەوە.

زۆرێک لە دامەزراوە ئایینییەکان بەشداربوون لە خراپەکاریدا، گرینگترینیان کەیسەکانی دەستدرێژی سێکسی[21]، بەگشتی لە ئایینەکان و بەتایبەتی لە کەنیسەی کاسۆلیکیدا. زۆرجار ئەم کەیسانە خراپ بەکارهێنانی کەسانی لاواز دەگرێتەوە، هەندێکجار دامەزراوەکان تۆمەتبار دەکرێن بە پەردەپۆشکردنی هەڵسوکەوتی نادروست بۆ پاراستنی ناوبانگیان.

لە خراپ بەڕێوەبردنی داراییدا ڕێکخراوە ئایینییەکان ڕەخنەیان لێگیراوە بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنی داراییەوە، گرینگترینیان زۆربوونی سامانی زیادە لەلایەن سەرکردەی ئایینییەکان لەکاتێکدا خەڵک یان کۆمەڵگا لەگەڵ هەژاریدا دەجەنگن. لەلایەکی تریش ڕەخنە لە پیاوانی ئایینی

---

21 . یەکێک لە گرینگترین پرسەکان دەستدرێژی سێکسی بووە کە پیاوانی ئایینی بەشدارن لەم تاوانەدا، بەتایبەتی لە کەنیسەی کاسۆلیکیدا. هەزاران حاڵەت تۆمارکراون، وە کە پیاوانی ئایینی دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵان و گەورە لاوازەکان. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کەیسانە، لەگەڵ تۆمەتەکانی پەردەپۆشکردن لەلایەن بەرپرسانی باڵا، بووەتە هۆی بێمتمانەیی و بێهیوایی بەرفراوان. هەڵبەتە کۆمەڵگای کوردی لەم بابەتە بەدەرنیە، لەم ١٥ ساڵەی ڕابردوودا زۆرکەس لەژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا تاوانی گەورە و قێزەون دەکات، وەک دەبینین کە خەڵکانێکی بەناوی (شێخ و پیاوچاک و مەلا و سیحر ...هتد) ئافرەتان هەڵدەخەڵەتێنن، بۆ ئەوەی کارەکەیان سەرکەوتووبێت داوای تێکەڵبوونی جنسی دەکەن. فکرەی ئەم کارەش شتێکی نوێ نییە، وەک دەبینین لە کۆندا (ڕاسپۆتین) هەمان کاری ئەنجامداوە.

دەگیرێت سـەبارەت بە ڕەفتاری خراپ یان نائەخلاقی، کە بۆ چەندین سـەدەیە جێگەی مشـتومڕ بووە.

دەمەوێت ئەوە بڵێم کە باسـانەی سـەرەوە لەکۆی ئایینەکان هەن، نەک تەنیا ئایینێکی دیاریکراو، بۆیە مەبەسـتم لێدان لە هیچ ئایینێک نییە، چونکە زۆرێک لە کەسـایەتییە ئایینییەکان 'ئایین' وەک هۆکارێک یان وەسـیلەیەک بۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانی خۆیان بەکاردەهێنن، ئەمەش وادەکات وادەکات کە کاریگەریی خراپ لەسەر ئەو کەسانە دروست بکات کە هەڵگری ئەو ئایینەن، کاتێک خەڵک خراپەیەک لە پیاوێکی ئاینی دەبینێت، بەلایەوە ئاساییە خۆشی دەیان خراپە ئەنجام بدات.

کۆمەڵگای کوردی و تاکی کورد پەیڕەوی ئایینی ئیسـلام دەکات بۆیە دەگوترێت نەتەوەیەکی ئیسـلامییە، بۆیەش مامۆسـتای ئایینی ڕابەرایەتی دەکات و خاوەن پلە و پێگەیەکی بەرز و پاکە. مامۆستای ئایینی لای خەڵک کەسێکە کە فەرمانەکانی ئیسلام دەزانێت و پسپۆری بواری زانستە ئیسـلامییەکانی هەیە و ئەم فەرمانانە شـیدەکاتەوە و دەگەیەنێتە خەڵکی موسـڵمان، لە زۆربەی ئایینەکانی تریشـدا کەسـانی ئاوا هەن کە ئەرکی وەهایان هەیە لەنێوان فەرمانە دینییەکان و خەڵکی دا.

ئەم پەندە پێمان دەڵێت: کە ماموسـتایانی ئایینی سـەرمەشـقی چاکە و چاکەکارین، ئەگەر ئەوان هەڵەیەک بکەن خەڵکانی ئاسـایی هەزار هەڵە دەکەن. ئەم پەندە وێنە ئەوەمان نیشـاندەدات کە چۆن مامۆسـتای ئایینی لە ئەنجامی هەڵەیەک خەڵک دەیان هەڵەی تری بەدوا دەکەن، چونکە خەڵک مامۆسـتای ئایینی بە ڕابەری خۆیان دەزانن و پێیانوایە زۆر پاکن و نوێنەری خودان لەسـەر زەوی، بۆیەش لە زۆربەی کاتەکان نموونەی باشـە بە مامۆسـتای ئایینی دەهێننەوە. جا گەر باسـەکە بە باشـە بێت ئەوە نموونەکە بە باشـە دەهێنرێتەوە، کە باسـەکەش بە خراپە بێت نموونەکەش بە خراپە دێتەوە. گەر مامۆسـتایەک هەڵەیەک بکات خەڵکیش لە ئەنجامی هەر هەڵەیەکیـان دەڵێن (مەلاش وایکردووە) یـان (مـادام مەلا وابکـا ئێمە بۆ وانەکەین) پێموایە ئەم قسانە زیاتر فێڵکردنەوەن لەخۆیان، چونکە هەرکەسە و پەیوەندی بە ژیانی خۆیەوە هەیە، نابێت

کەس خۆی بەکەسـەوە ببەستێتەوە. وەک چۆن لە ئیسـلامدا هەرکەسـەی دەچێتە گۆڕی خۆیەوە و بەپێی کارەکانی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، بۆیەش خۆبەسـتنەوە بە هەڵەی مامۆسـتایان، هیچ جوانییەک لەخۆ ناگرێت.

**لەبارەی کوڕێک کە زۆرکەس لەخۆوە قسەی تێدا بکات دەگوترێت:**

## ئەڵێی حەمامی ژنانە

(شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٩: ٣٩)

لە کولتووری کوردی و کولتوورەکانی تردا پەندەکان ڕەنگدانەوەی بەها و نەریت و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە. لە کۆندا دوو جۆر حەمام هەبووە حەمامی (ژنان و پیاوان) بەڵام دەتوانم بڵێم حەمامی ژنان زیاتر جێگای باس بووە وەک لە پیاوان. زۆرجار کێشە دروست دەبوو لەسەر چوونەوەی ژوورەوەی خەڵک بۆ ناو حەمامەکان، چونکە هەندێک ئافرەت کوڕی خۆی لەگەڵ خۆی دەهێنا و دەیگوت ئەم منداڵە بچووکە و هیچ نازانێت، ئەمەش کێشەی لێدەکەوتەوە، چونکە ڕاستە هەندێ منداڵ بەتەمەن بچووکە، بەڵام بە جسم گەورە دەردەکەوێ بۆیە ئەوانەی لەبەر دەرگای حەمام بوون دەیانویست ڕێگە بە چوونە ژوورەوەی ئەمانە نەدەن. بەدەر لەوە شووشتنی منداڵەکان لەلایەن دایکەکان وەک شتێکی کولتووری وابوو، دەبوایە هەر ئافرەتێک ٣ جار منداڵەکەی خۆی بشوات. وە شتێک کە بە گشتی زۆر ناخۆش بووبێ و بەتایبەتی بۆ منداڵان هەبوونی بۆنی ناخۆش و پیسبوونی شوێنەکە بوو، چونکە لەلایەک زۆرکەسی لێبوون و لەلایەکی تریش لەو شوێنە خواردنیش دەخورا، ئەمەش دەبووە هۆی پیسبوونی ئەو شوێنە.

لە کۆمەڵگای کوردیدا، زۆرجار هاوشێوەی بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، (حەمامەکان) فەزای کۆمەڵایەتی بەرچاوبوون. زۆرجار ژنان لە حەمامدا نەک تەنها بۆ پاککردنەوە، بەڵکوو بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتیش کۆدەبوونەوە. ئەم حەمامە کۆمەڵایەتییانە شوێنێک بوون کە ژنان دەیانتوانی ئارامبن و قسە بکەن و چیرۆکەکانیان تێدا بەیەکەوە باس بکەن، زۆرجاریش دەگوترا ئەمجۆرە شوێنانە ناوەندی قسە و باسن، وەک لە قسەی ڕۆژانە و پەندەکەدا بەدیاردەکەوێ. لە پەندە نەریتییەکاندا، زۆرجار بەوشێوەیە باس دەکرێ کە شوێنێکە هەواڵەکان تێیدا بە خێرایی بڵاودەبنەوە، ئەمانەش پەیوەندی بە زۆری قسەکردنی ژنانەوە هەیە. پەیوەست بەم بابەتەوە دەگوترێت: "ئەوەی لە حەمامدا دەوترێت لە بازاڕدا دەبیسترێت." واتە

ئەو قسانەی لە حەمامی ژنان یان لە کۆبونەوەکانیان دەگوترێت بەهەموو شوێنێک بڵاودەبێتەوە، چونکە بەقسەن و بابەتە کەسییەکان کە لە شوێنێکی تایبەتدا باس دەکرێن، بۆیە بڵاودەبێتەوە.

لەلایەکی تر سەبارەت بە ژنان دەگوترێت "نهێنی ژن وەک ئاو وایە؛ ناتوانرێت ڕابگیرێت". ئەم پەندە ڕەنگدانەوەی ئەو بیرۆکەیە کە نهێنییەکان ئەستەمە رابگیرێن، بە تایبەت لە چوارچێوەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکان. زۆرجار حەمامەکان کە ژنانی تێدا کۆدەبوونەوە، وەک شوێنێک سەیر دەکران کە بابەتی کەسی تێدا هاوبەش بکرێت. لەلایەکی تر دژی ئەو پەندەی سەرەوە دەگوترێت "حەمامەکان بۆ پاککردنەوەن نەک بۆ قسەکردن". حەمامە کوردییەکان لەڕووی مێژووییەوە، فەزای کۆمەڵایەتی بوون و ژنان دەیانتوانی بۆ خۆشوردن و گفتوگۆ کۆببنەوە. لە کاتێکدا پەندەکان ڕەنگدانەوەی بەها کولتوورییەکانن. وە زۆرجار دەگوترێت: "نهێنی ژن وەک حەمامێک وایە لەبەردەم خەڵکدا." ئەم پەندە بە شێوەیەکی مێتافۆری پەیوەندی بە بیرۆکە و تایبەتمەندی نهێنییەوە هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەبێت هەندێک شت بە تایبەتی بهێڵرێنەوە و باس نەکرێن.

حەمامی ژنان یان کانی ژنان، دوو لەو پەندانەن کە زۆرجار لەناو کۆڕی ماڵەکان یان لە کاتی کۆبونەوەی ماڵەکان گوێمان لێدەبێت. ئەم پەندە کاتێک بەکاردێ کە لە کاتی کۆبوونەوە لە دیوەخانەکان هەریەکەو لەلایەکەوە قسە بکات و حیساب بۆ ئەوانی تر نەکات، بەتایبەت بچووکەکان زۆر قسە بکەن و مەجالی گەورەکان نەدەن، لەو کاتەدا دەگوترێ دەڵێی (حەمامی ژنانە یان کانی ژنانە). بەڵام پێویستە ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین بۆچی کانی ژنان؟ چونکە لە کۆندا ژنان بەیەکەوە لەسەر کانییەکان کۆدەبوونەوە یان بەیەکەوە دەچوون بۆ حەمام و خۆیان دەشووشت، لەوکاتەدا هەموویان قسەیان دەکرد و کەس مەجالی قسەکردنی کەسی نەدەدا، ئیدی کاتێک پیاوان ئەوەیانزانی و هەمان شتیش لە دیوەخانی پیاوان دووبارە دەبوویەوە، دەیانگوت دەڵێی کانی ژنانە.

ئەم پەندەی سەرەوە ڕەخنە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دەگرێت، کە لەکاتی قسەکردندا هەموویان لە شوێنی خۆیان قسە دەکەن و مەجالی یەکتری نادەن، ئەمەش شێوەیەکی ناشرینی کۆڕەکان پیشان دەدات، چونکە لە کاتی قسەکردن و کۆبوونەوەدا دەبێت ڕێز لە قسەی یەکتری بگرن و مەجالی یەکتری بدەن لە قسەکردن نەک هەرکەسەی لە شوێنی خۆی قسا بکات و حساب بۆ ئەوانی تر نەکات.

لە کولتووری کوردیدا ئەو کەسانەوەی لە شوێنی خۆیان قسە دەکەن و خۆیان دەخەنە ناو هەموو بابەتێک بە گەورە و ڕێزدار نابینرێن، بۆیە ئەم پەندە وەک وشیارکردنەوە بۆ ئەو کەسانە بەکاردێ تاکوو بتوانێن دان بەخۆیان دابگرن و لە کاتی کۆبوونەوەکان قسە لە قسەی گەورەکان نەکەن. بەدەر لەوە ئەم پەندە بەهۆی مێتافۆڕەوە پەیوەندیی نێوان شێوازی حەمامی ژنان و قسەکردنی خەڵک بەدەردەخات.

**لەبارەی ئەو کەسانەی ئامۆژگاری وەرناگرن دەگوترێت:**

## ئەڵێی گوێزی بۆ ئەژمێرن

(شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٩: ٤٢)

ئەم پەندە لە ڕێگەی میتافۆرە ڕەنگدانەوەی دۆخێک پیشاندەدات کە مرۆڤەکان هیچ ئامۆژگارییەک یان قسەیەک وەرناگرێ، جا گرنگ بێت یان نا. زۆرجاریش ئەم ئامۆژگارییانە بێزاریان دەکات و دەبێتە مایەی بێزاری و دڵتەنگی بۆیان، چونکە ئەم قسەکردنە بەویستی ئەوان نیە. بۆیە دەتوانم بڵێم ئەم پەندە تایبەتە بەوکەسانەی هیچ ئامۆژگارییەک وەرناگرن، بەڵام جگە لەمەش لەبواری تریش بەکاردێ. لە کولتووری کوردیدا زۆرێک لە پەندەکان جەخت لەسەر گرینگی ئامۆژگاری دەکەنەوە کە دەیانەوێ سوودێک بگەیەنن.

ئەم پەندە بۆ وەسفکردنی کەسێک بەکاردێت کە ڕەتیدەکاتەوە ئامۆژگاری یان ڕێنمایی وەربگرێت. لە پەندی پێشینانی کوردیدا ئەوانەی ئامۆژگاری دەکەن ئەزموونێکی زۆریان لە ژیان و ڕووداوەکان هەیە، بۆیە ئامۆژگارییەکان گرینگە و جێگای خۆی دەگرێت. وە بیرخستنەوەیەکە کە پشتگوێخستنی ئامۆژگاری دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی ناپێویست. سەرەڕای ئەوەش هەندێک تاک بەرەنگاری ئامۆژگاری دەبنەوە، چونکە وەک هێرشکردنە سەر تواناکانیان یان زیرەکییان دەیبینن. زۆرجار ئەوانەی خۆیان لە وەرگرتنی ئامۆژگاری بەدوور دەگرن، دەیانەوێت سەربەخۆیی خۆیان بسەلمێنن. ترسیان لەوە هەیە کە قبووڵکردنی ئامۆژگارییەکان وایان لێبکات کە لاواز دەرکەون، بۆیە گەر ئامۆژگارییەکەشیان لەلا پەسەند بێت، خۆیان بەدوور دەگرن. هەندێک جار جەخت لەسەر تاکگەرایی دەکرێتەوە، کە مرۆڤەکان هاندەدرێن "ڕێگای خۆیان بدۆزنەوە" نەک پشت بە ئامۆژگاری کەسانی دیکە ببەستن، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەین، کە وەرنەگرتنی ئامۆژگاری ڕەنگە وەک 'بێڕێزی' یان 'گەمژەیی' سەیر دەکرێت، بە تایبەت کاتێک گەورەکان یان کەسانی بە ئەزموون ئامۆژگاری پێشکەش دەکەن.

زۆرێک لە شـــوێنەکان خاوەنی پەند و قســـەی خۆیان لەبارەی ئەوانەی ئامۆژگاری وەرناگرن، چونکە ئەوان دەزانن ئاکامی باشی بەدواوە نایەت.

پێویســـتە ئاگامان لەوەبێت زۆرجار ڕەتکردنەوەی ئامۆژگاری دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە زۆر پێویســـتە لە کێشـــەکان، چونکە زۆرجار ئامۆژگارییەکان لە شـــوێنی خۆیان نین، یان ئەوانەی ئامۆژگاری دەکەن لە ڕاســـتیدا کەســـانی فێڵباز و خراپن بۆیە ئامۆژگارییەکانیان گرینگ نین و پێویســــتە دووربکەینەوە لێیـان. بۆیە لە کۆڕە گرینگەکـان گوێمـان لەوە دەبێت کە هەموو ئامۆژگارییەکان ئامۆژگاریی باش نین. هەندێک جار خەڵک بەرەنگاری ئامۆژگاری دەبنەوە، چونکە لە سـەرچاوەیەکەوە سـەرچاوە دەگرێت کە متمانەیان پێی نییە. گرینگە هەڵسـەنگاندن بۆ ئەوە بکەیت کە ئامۆژگارییەکان لە کوێوە دێن و ئایا بەڕاســـتی بەنرخە بۆ دۆخەکەت، واتە یارمەتیدەری باش دەبێت بۆ بارودۆخەکە. هەروەها ئەوانەی لە ئامۆژگاری ئەزموونیان زیاترە، دەرفەتێک بۆ فێربوون و گەشـــەکردن دەڕەخســـێنێت. زۆرجار مرۆڤەکان بە ڕەتکردنەوەی ئامۆژگـارییەکـان لە فێربوونی وانە بەنرخەکـان بێبەش دەبن کە دەتوانێت یـارمەتیـان بدات بۆ سـەرکەوتن یان باشترکردنی دۆخەکەیان.

بە پشـتگوێخسـتنی ئەزموون و تێڕوانینی کەسـانی بە ئەزموون، زۆرجار مرۆڤەکان ئەو هەڵانە دووبارە دەکەنەوە کە پێشـتر کەسـانی تر فێری بوون. ئەمەش دەبێتە هۆی سـەختی ناپێویسـت یان شکست لە بارودۆخی کەسی و پیشەیی.

ئەم پەندەی سـەرەوە وێنەی بارودۆخێکی ناهەموار و خراپمان بۆ دەکێشێت، چونکە لایەنێک بە ئامۆژگارییەوە دەیەوێ ببێتە هۆی ڕاستکردنەوەی کەسێک یان چەند کەسێک، بەڵام ئەوانی تر هیچ ئامۆژگـارییەک وەرنـاگرن، بۆیە لەکاتی وەرنەگرتنی ئامۆژگارییەکە ئەم پەنـدە دەگوترێت، بەمەش ئەوانەی لە شوێنەکە دانیشتوون لەوە تێدەگەن کە هیچ ئامۆژگارییەک وەرناگیرێت. بۆیە ئەم پەندە ڕەخنە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دەگرێت کە تاکەکان ئامۆژگاری وەرناگرن و بەمەش تووشی هەڵەی گەورە دەبن.

**لەبارەی کەسێکی بچووک، کە دەیەوێ خۆی دەربخات دەگوترێت:**

## ئەڵێی کەڵەشێری کلک هەڵکێشراوە [22]

(شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٩: ٤٤)

بێڕێزی بریتییە لە شکاندنی بەها و کەرامەت و مافی کەسانی دیکە، مامەڵەکردن لەگەڵیان بەبێ ڕەچاوکردنی و ئیحترام و میهرەبانی. هەروەها بریتییە لە بێبەهای بەرامبەر بە بیرکردنەوە و هەست و سنوورەکانی کەسێک، تەنانەت ئەگەر جیاواز بێت لە بیرکردنەوە و هەست و سنوورەکانی خۆت. ڕێزگرتن لە پەیوەندییەکاندا بنەڕەتییە، پەروەردەکردنی لێکتێگەیشتن و متمانەی یەکتری لە کارە هەرە سەرەکییەکانە. بەشێوەیەکی گشتی ڕێز لە ڕێگەی کردار و قسە و هەڵوێستەوە نیشان دەدرێت. هەروەها گرینگییەکی لە کاتی گوێگرتن بەبێ پچڕان و ئاگاداربوون لە ئەزموونەکانی کەسێکی تر و ڕێزگرتن لە فەزای کەسی و بیرۆکە و تاکایەتییەکەی بەدەردەکەوێ. قسە لەسەر ئەوە نییە هەمیشە لەگەڵ کەسانی تر هاوڕا بیت ڕێزت دەگیرێ و گەورە دەردەکەوی لەلایان، وە کاتێک پێچەوانەی قەناعەتی ئەوانی ئەوە بەشێوەیەکی نەرێنی بەدەردەکەوێ.

شێوەی ڕێزگرتن بەپێی شوێنەکان جیاوازە، چونکە بەپێی دابونەریتەکان دەگۆڕێت، هەر شوێنە و بنەمای خۆی هەیە، بەڵام لە پێشەنگی هەموو ڕێزگرتنەکاندا ڕێزگرتنی گەنجانە بۆ پیرەکان، بەداخەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕۆژ بە ڕۆژ لەم ڕەفتارەدا بەرەو قۆغێکی خراپ دەچین، گەنجەکان ڕێزیان بۆ گەورەکان نەماوە، بەجۆرێک گەورەکان بۆ ناوبانگ و حەزی خۆیان بەکاردەهێنن. ڕێزگرتن لە هەموو بوارەکاندا گرینگییەکی زۆری هەیە. ڕێزگرتن و شێوەکانی لەلای تاکی کورد پەیوەستە بە بنەماکانی ڕێزگرتنی ئایینی ئیسلامییەوە، چونکە نەتەوەی کورد

22. شێخ محەمەدی خاڵ لەبارەی شیکردنەوەی ئەو پەندەدا وشەی (بێ نموود) بەکاردەهێنیت، کە ئەو وشەیەش بە واتای (بێڕێزی) دێت. چەند واتایەکی تریش دەگەیێنێت، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو ڕستەیەدا ئەو واتایە دەگەیێنێت.

پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەکات و ئەو ئایینە بەسەر گشت بوارەکانی ژیانی زاڵبووە. ئەمەش وایکردووە کولتووری ڕێزگرتن ببێتە بەشێکی گرینگ و سەرەکی لە ڕوانگەی ژیانی ڕۆژانەدا.

کۆمەڵگای کوردیش لە کەسانی بێڕێز بەدەر نەبووە، وەک دەزانین ئەم جۆرە کەسانە لە گشت کۆمەڵگاکان دەبینرێن، جا هەر یەکەیان بە هۆکارێکی جیاوازە. هەمیشە کەسی ڕێزدار خاوەن پلە و پایەیەکی گەورە و بێئەندازەیە، لە بەرامبەر کەسی بێڕێز بە کەم سەیردەکرێت و قسەکانیشی جێگایی بایەخ نین. ئەم پەندەی سەرەوە وێنەی ئەو بارودۆخە دواکەوتوویەمان بۆ دەکێشێت کە بەرۆکی کۆمەڵگایی کوردی گرتووە، وە ئەوەم نیشاندەدات کە چۆن کەسێکی بچووک لەڕووی تەمەنەوە بەهۆی ڕەفتارێکی بێڕێزییەوە دەبێتە ناو و باس دەکرێت. هەڵبەتە خۆدەرخستن لە کۆنەوە باسکراوە و هەبووە، بەڵام ئێستا زیاتر بووە، بە جۆرێک خەڵک ئامادەیی ئەوەی تیایە کە هەموو شتێک بکات بۆ ئەوەی باسبکرێت. جگە لەو پەندەش زۆرجار قسەیەکی تریش دەکرا کە دەرخەری هەمان بابەت بوو، کە پێشینان یان کەسانی بە ئەزموون دەیانوت: لە کانی گوند پیسایی دەکات، تاکوو خەڵک ناوی بێنن. هەڵبەتە ئەم قسەیە ئەوە دەگەیەنێت کە گوندەکە خاوەنی کانییەکی ئاو بووە، کە هەموو خەڵک سوودیان لێوەردەگرێت، واتە گەر ئەو کانییە تووشی وشکی یان هەر کێشەیەک ببا، بۆ هەموو گوندەکە نەهامەتی بوو. بۆیە کەسەکە هەر شتێک بەرامبەر بەو کانییە بکات خەڵک ناوی دێنن و بەدەردەکەوێ.

ئەم پەندە ڕەخنە لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە وێرانە دەگرێ، کە بەرۆکی کۆمەڵگایی گرتووە، وە لە کۆمەڵگای کوردی جێگایەکی فراوانی هەیە، بەشێوەیەک ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو زیادبوون دەڕوات، وە ئەوەی کارەکەش دەکات هەست بە هیچ ناشرینییەک ناکات. هەربۆیە لە کاتی بەکارهێنانی ئەم پەندەدا قسەکەر ئامانجی سەرەکی ئەوەیە: خەڵک لەم ڕەفتارەیدا وریای ئەوەبێت کە خۆی نەکاتە بابەت (مەوزوع) چونکە ئەمە وەکو یەکێک لە ناشرینترین بابەتەکان دەبینرێت.

## لەبارەی کەسێک کە زۆر پەلە دەکات دەگوترێت:

# ئەڵێی نانی بە سەر ساجا[23] سووتاوە

(شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٩: ٤٨)

پەلەکردن بەو شـــێوەیە پێناســـە دەکرێت کە بەخێرایی یان بەپەلە مامەڵە بکەیت، واتە بەبێ بیرکردنەوە یان لێکۆڵینەوە لە دەرئەنجامەکانی بابەتەکە هەڵسوکەوت بکەیت، پەلەکردن زۆرجار بێباکی و مەترســـی لەخۆدەگرێت و هەندێکجاریش دەبێتە هۆی ئەنجامدانی کاری گەمژانە. پەلەکردن چ لە وڵامەکـانـدا بێـت یـان چ لە بڕیـاردان بێـت یـان لە کـاردانەوەکـانـدا و لەنێو نەرێنییەکانی کەســـایەتییەکی بەپەلەدا، هەڵاوســـانی هەیە. پەلەکردن لێکەوتەی زۆر خراپی هەیە بۆ خاوەنەکەی پەشـــیمانی لە گرینگەکانییەتی. بۆیە دەتوانم بڵێم پەشـــیمانی دەرئەنجامێکی سروشتی کەسێکە، کە زۆر پەلە دەکات. قسەکردن و بڕیاردان و مامەڵەکردن بەبێ بیرکردنەوە، بە نـاچـاری ئەنجـامە نەخوازراوەکـانی لێـدەکەوێتەوە و کەســـێکە پەشـــیمـان دەبێتەوە. زۆرجار شـــکســـت چارەنووســـی کەســـی بەپەلەیە، بەو پێیەی هەموو کارێک بەخێرایی ئەنجام دەدرێت بەبێ ئەوەی بە بـاشـــی لێی بکۆڵرێتەوە یـان بیری لێبکرێتەوە. ئەو کـارانەی بەپەلە ئەنجامدەدرێن بە ناچاری ئەنجامەکەی شکست دەبێت.

لە کۆمەڵگای کوردی کەسانێک هەن، کە لە هەموو کارەکاندا پەلەیانە، بۆیە دەگوترێت: پەلەکردن سیفەتی خوێنی ئەو کەسـەیە یان پەلەکردن خوێنیدایە و ناگۆڕێت، هەمیشـە هەروا بەپەلەیە. ئەم کارە لە ناو گەنجانیش زۆر  دەبینرێ بۆیە زۆرجار لە یەکتری توورە دەبن. وەک وتم کەسێکی بەپەلە خێرا حوکم دەدات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەپچڕێنێت، تەنها لەبەر ئەوەی شـتەکان لەبارەیانەوە دەبیسـتێت بەبێ ئەوەی پشـتڕاسـتی بکاتەوە، یان بەهۆی لێکتێگەیشـتنێکی

23 . ساج بەرامبەر وشـەی (سـێڕ) بەکاردێ، بەکارهێنانی ئەم وشـەیە بەپێی ناوچەکان دەگۆڕێت، چونکە لە زۆر ناوچەدا وشـەی (سـێڕ) بەکاردێ و لە زۆر ناوچەی تر وشـەی (سـاج) بەکاردێت، کە تیادا مەبەسـت لەو شـتەیە کە نانی لەسـەر سوور دەکرێتەوە.

هەڵە کە لەگەڵیاندا ڕوویداوە بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بکات پاساوەکانی بزانێت بڕیاردەدات، ئەم بڕیارەش بەلای هەڵەدا دەچێت.

ئەم پەندەی سەرەوە دەرخەری ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییەیە، کە لە کۆمەڵگای کوردی بەڕوونی و فراوانی دەبینرێ. بۆیە ئەم پەندە دەهێننەوە، چونکە کاتێک کەسێک نانی دەسووتێ بەپەلە بەرەو نانەکە ڕادەکات. بۆیە هەمان قسەش بەکەسێک دەوترێت کە بەپەلە بێت لە کارەکاندا. هەڵبەتە ئەم پەندە زۆرجار لەکاتی سەردانکردن بەکاردێت. کاتێک کەسێک سەردانی کەسانی ناسیاوی دەکات و زۆر پەلەیەتی دەگوترێت: خۆ نانت نەسووتاوە یان خۆ نانت بە ساجییەوە نەسووتاوە.

ئەم پەندە ڕەخنە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دەگرێت، کە لە ناو کۆمەڵگادا بە نەرێنی دەبینرێ، ئامانجیش لەم ڕەخنەیە چاککردنی دۆخەکەیە، چونکە پەلەکردن سوودی نییە، هەمیشە نەرێنی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە، پێویستە سەرەتا بەشێوەیەک ڕەفتار لەگەڵ کەسی بەپەلە بکەین کە خۆی ڕابهێنێت، وە پەلە لە کارەکان نەکات، بەمەش ڕەفتارەکانی عەقڵانی دەبێت و بیر لە بابەتەکە دەکاتەوە پێش ئەوەی بریاری لەسەر بدات.

مرۆڤی بەپەلە دەبێت خوو بگرێت بە جیاکردنەوەی هەستەکانی لە ڕووداوەکە، بۆ ئەوەی بڕیارێکی دروست بدات، کاتێک توورە دەبێت بڕیار نەدات، کاتێک دڵخۆشە بەڵێن نەدات، وە کەسێک تاوانبار ناکات کاتێک دڵتەنگە. هەروەها پێویستە مرۆڤ پێش بڕیاردان فێری هەڵسەنگاندنی بابەتەکە بێت نەک دوای بڕیاردان.

**لەبارەی کەسێک کە دووڕوویی بکات دەگوترێت:**

## ئەڵێی نیسکە بەروپشتی بۆ نییە

(شێخ محەمەدی خال، ١٩٦٩: ٤٨)

دووڕوویی یان زۆرجار دوو زمانیشـــی بۆ بەکاردێت، بە گشـــتی بۆ وەســـفکردنی کەســـێک بەکاردێت کە فێڵبازە یان دووڕووە. ئەمەش وادەکات یەک شـــێوە لەبەردەم خەڵکدا و بە شـــێوەیەکی جیاواز لە پشـــتیانەوە مامەڵە بکات. دەتوانرێت ئەم ئاماژەیە بۆ پیشـــان بدرێت کە کەســێک وا خۆی نیشـــان دەدات کە میهرەبان یان پشـتیوانە، بەڵام بە نهێنی نییەت و هەســتی نەرێنی هەیە. ئەمەش وادەکات تووشـــی ناخۆشـــی و زەرەری زۆر بێت لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە. کەسی دووڕوو ئەو کەسەیە کە ڕەفتاری دەرەکی نیشان دەدات کە جیاوازە لەوەی کە لە ناخیدا هەیە، یان جیاوازە لەو ڕەفتارەی پێویســـتە و ســـەرەکییە بۆ ئەنجامدان. دووڕوویی ســیفەتێکە هەندێک مرۆڤ خاوەنیەتی، وە ئەو کەســەی کە ســتایشــی کەســانی دیکە دەکات و لەگەڵیاندا ڕەفتاری باش دەکات کاتێک لەگەڵیاندایە، بەڵام کاتێک ئەوان نەبن ئیدانەیان دەکات و قسەی خراپیان لەسەر دەکات.

دووڕوویی دەربڕینێکە کە وەســفی کەســێک دەکات کە فریودەر یان ناڕاســتگۆیە. هەمیشــە هەستێکی نەرێنی هەیە بەم وشەیە. کەسێکی دووڕوو لایەنێکی کەسایەتی یان مەبەستی خۆی دەخاتە بەردەم هەندێک کەس، لە هەمان کاتدا بیرکردنەوە یان ڕەفتارە ڕاســـتەقینەکانی خۆی دەشارێتەوە، زۆرجار لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا بە شێوەیەکی تەواو پێچەوانە مامەڵە دەکات. بۆیەش دەتوانین وەک دووڕوویی یان ناپاکی ببینین.

لە کۆمەڵگای کوردییش وەک کۆمەڵگاکانی تر دووڕوویی لەنێوان کەســانی نزیک و دوور هەیە، واتە لە هەردووک لاوە بەرامبەر کەســـێک ئەنجامدەدرێت، بەڵام ئەوەندەی لەلایەن کەســـانی نزیکەوە دەکرێت، ئەوەندە لەلای کەسی ترەوە ناکرێت. کەسێک دۆستانە و پشتیوانانە مامەڵەت

لەگەڵدا دەکات، بەڵام لە پشـــتەوە ڕەخنەی ڕووخێنەرت لێدەگرێت یان کارێک دەکات کە تەنیا خۆی ســـوودمەند دەبێت. بۆیە ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ نەبوونی متمانە، چونکە کەســـەکە "شێوەیەکی" جیاواز پیشانی کەسان دەدات.

ئەم پەندە ئەوەمان نیشـــان دەدات، کە لە کۆمەڵگای کوردی کەســـانێک هەن لەبەردەم خەڵکدا ئەوەی باســی دەکەن دوورە لە ڕاســتییەوە، واتە ڕاســتییەکان دەشــارنەوە، لێرەوە دووڕوویی دەســتپێدەکات و ئەنجامەکەشــی وێرانییە. هەروەها زۆرجار دووڕوویی لە ناوخۆدا ڕوودەدات کە لە کارە هەرە ناپەسندەکانە، چونکە زۆر مەترسیدارە، وە لە هەموو لایەکیشەوە زیانی هەیە. دووڕوویی نــاوخــۆیی یــان درۆکردن لەگەڵ خــۆیــان یەکێکە لە کــار و ڕووداوە هەرە مەترســـیدارەکـان، چونکە مرۆڤ دەبێتە هۆی ئەنجـامـدانی کـارێـک کە دوورە لە بنەمـا و کەسایەتییەکەی.

ئەم پەندەی ســـەرەوە ڕەخنە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دەگرێت، کە بۆتە هۆی لەیەککردنی زۆر خەڵک و دروســتبوونی کێشـــەی جیاواز لە بوارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا. لە کۆنەوە بەهۆی دووڕووییەوە خەڵکێکی زۆر لەیەکتر جیابۆتەوە و کێشـــەی کۆمەڵایەتی زۆر هاتوونەتە کایەوە، بەشێکیان بە شەڕ و کوشتن بە کۆتایی هاتوون، ئەمەش مانای ئەوەیە کە 'دووڕوویی' جگە لە نەهامەتی هیچی بەدواوە نایەت. دووڕوویی دەبێتە هۆی زەلیلی و شەرمەزاریی خاوەنەکەی لەم دونیایەدا لەبەردەم دۆســـت و هاوکارانیدا، جا بەهۆی زیادەڕەوی لە درۆ و فریودان بێت یان هەر هۆکارێکی تر. دووڕوویی تاک خۆنمایشـــکەرییە و کەســـانی دەوروبەری دوودڵ دەکات و ئەمەش بە دڵنیاییەوە متمانەی بەخۆی و متمانەی ئەوانی دیکەی پێ لەناودەبات. وە ئامانجی ئەم پەندە ئەوەیە کە خەڵک لە دووڕوویی وشـــیار بکاتەوە، بۆ ئەوەی چیتر بەلایەوە نەچن. پێویســتە کەســی دووڕووش بیر لە دەرئەنجامەکانی ئەم دووڕووییە بکاتەوە کە ئەنجامی داون، چونکە هیچ دەرەنجامێک مایەیی دڵخۆشی نییە.

لەبارەی ئیشکردنی ژنانەوە دەگوترێ:

## ئیشی ژنا بیست و چوارن، هەر نان و هەویر دیارن[24]

(شیخ محەمەدی خاڵ، ١٩٦٩: ٦٥)

ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردی ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە گشت بوارەکانی ژیاندا، لە کۆندا شان بە شـــانی پیاوان لە کاری دەرەکیدا خزمەتیکردووە و شـــوێنپەنجەی دیارە، لەلایەکی تریش لە کارەکانیتری ماڵەوە، وەک بەخێوکردنی منداڵ و پەروەردەکردنی و بابەتەکانی تر خزمەتێکی زۆری هەیە. لە کۆمەڵگای کوردی پلەوپایەیی ئافرەت بەرزە و ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێ، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە نەتەوەی کوردی پەیڕەوی ئایینی ئیســـــلام دەکات و لەو ئایینەش ئافرەت بە گەورە سەیر دەکرێت. زۆرجار لە باسکردنی ئافرەتەوە دەگوترێت، کە دروستکەری مرۆڤایەتییە، ئەمەش بەهۆی ڕۆڵی ئافرەتەوەیە. پێکهاتەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی خۆی دەبینێتەوە لە بەیەکەوە ژیانی هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) کە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و پێگەی هەردووکیان لەڕووی کاروبارەکانی ژیانەوە جێی بایەخە، بەڵام ئەمەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دی جیاوازە.

"ئافرەتی کورد لە هەموو بوارەکاندا هەوڵ و تێکۆشـــانی هەبووە، بە جۆرێک شـــان بە شـــانی پیاوان لە پەروەردەکردنی نەوەی نوێ کە دەبێتە هێزێکی بەتوانا بۆ پێشـکەوتنی هاوبەش بووە، هەروەها بۆ بەرگری لە خاکی کوردسـتان خەباتیان کردووە و جێ دەسـتیان دیار بووە. لەمێژە ئافرەتانی کورد پاڵپشت و یارمەتیدەری پیاوان. لە مێژووی کورددا چەندین ئافرەتی ئازا و بوێر و دەســتڕەنگین و کارامە باس کراون، لەوانە (حەپســەخانی نەقیب، مەســتوورەی کوردســتانی،

---

24 . هەر ئەم پەندە بە زۆر شـێوەی تر گوتراوە، کە لەڕووی پەیامەوە هەمان پەیامی هەیە، نموونە دەگوترێ: ئیشـێ ژنا هەزارن، هەر نان و هەویر دیارن، واتە زۆرجار دەســـکاریی ژمارەکە کراوە، بەپێی ئەو شـــوێنەی پەندەکەی لێدەگوترێ ژمارەکە ڕێکخراوە، چونکە ئەم جیاوازی ژمارەییە کاریگەریی زۆری لەسەر مۆسیقای پەندەکە دەبێت. هەروەها ئەم پەندە تەنیا مەبەستی ژن نییە، بەڵکوو مەبەستی کچیشە، بۆیە دەکرا لەجیاتی ژن وشەی ئافرەت بەکاربێت.

عادیله خانم و عیســـــمەت قازی محەمەد و ...) چەندین ئافرەتی بەتوانای دیکەش هەن، کە لەم ساڵانەی دواییدا ڕۆڵی زۆریان بینی لە شـەڕی دژی داعش و شـان بە شـانی پیاوان بەرگرییان لە خاکی وڵاتەکەیان کرد، بەتایبەتی ئافرەتانی کۆبانێ کە چۆن ببوون بە پارێزەری نەتەوە و شـــارەکەیان، تەنانەت بوون بە ســـمبولی نەتەوەکەیان و وەک پارێزەری مرۆڤایەتیش ناوزەد کران. ئافرەتان ســـەلماندوویانە کە جگە لە دایکایەتی دەتوانن زۆر ئەرکی دیکەش لە ئەســـتۆ بگرن و، وەک بەشـێک لە کۆمەڵگە بەشـداریی خەباتی سـیاسـی بکەن و، لە هەموو بوارەکاندا ئازایی و تواناکانی خۆیان دەربخەن." [25]

سەرەڕای ئەوەی دەیان لایەنی ئەرێنی بە ئافرەتەوە بەستراوە، بەڵام لایەنی نەرێنیش لە ئافرەت بێبەش نییە، وەک لەو پەندەی ســـەرەوەدا لایەنێکی نەرێنی ئافرەت بەدەردەکەوێ و دەکەوێتە بەر شـاڵاوی ڕەخنە، کە پەیوەندی بە شـێوازی ژیانکردنی ژنانەوە هەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا. ئەم پەندە ئەوەمان نیشاندەدات کە لە کۆمەڵگای کوردیدا ئافرەت بە ئیشکردنەوە ناسراوە، واتە ئیشوکاری ماڵەوە بە ئافرتەوە بەندە، بەڵام لە قسەکردنی ئافرەتەوە دەردەکەوێ کە ئەوان ئیشی زۆریان هەیە، بەجۆرێک لە باسـکردن نایەت، بەڵام کاتێک پیاو سـەیری ئیشـەکانی ژنان دەکات تەنیا (نانکردن) هەیە.

ئەم پەندە ڕەخنە لە ژنان دەگرێت، چونکە زۆرجار واباسدەکرێ کە ئەوان زۆر ماندوون بەهۆی ئیش و کارەکانەوە، بەڵام ئیشـەکانیان زۆر نییە و بەخێراییش تەواو دەبن، هەروەها ئیشـکردنی ژنان تەنیا هەیرکردن دیارە، کە دواتریش هەویر دەکرێتە نان. جگە لەوە هیچ ئیشـــێکی تر بەدەرناکەوێ، کە گەورە بێت. [26]

---

25 . بۆ زیاتر خوێندنەوەی ئەم بابەتە، سەیری ئەم بەستەرەی خوارەوە بکەن:
https://gulanmedia.com/so/story/298234/%D9%BE%DB%8E%DA%AF%DB%95-%D9%88-%D8%AA%D9%88%D8%A7%D9%86%D8%A7%DB%8C-%D8%A6%D8%A7%D9%81%D8%B1%DB%95%D8%AA-%D9%84%DB%95-%D9%83%DB%86%D9%85%DB%95%DA%B5%DA%AF%DB%95%DB%8C-%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%DB%8C%D8%AF%D8%A7

26 . هەڵبەتە زۆرجار ئەم پەندە بەپێچەوانەوە لێکدەدرێتەوە، واتە بەپێی بارودۆخ مەبەســـتی بەکارهێنانی دەگۆڕێت. هەندێجار وادەردەکەوێ ئەم پەندە ڕەخنە لە پیاوان دەگرێت، کە ئیشـــەکانی ئافرەتان نابینن، یان مەدح لە کاری ئافرەتان دەدات.

**لەبارەی کەسێک، کە تا کۆتایی ژیانی نەزان بێت دەگوترێت:**

## بارێ قورئان بنێن لە کەرێ، بیبەنە مەککە و بیهێننەوە هەر کەرە

(شیخ محەمەدی خال، ١٩٦٩: ٦٩)

ئەم پەندە جەخت لەســـەر گەمژەی و نەزانی دەکاتەوە، بۆ ئەمەش لە ڕێگەی هەر یەکە لە ناوەکانی (قورئان) و (کەر) پەیامەکەی گەیاندووە. لە کۆمەڵگای کوردیدا قورئان زۆر پیرۆزە، بۆیە لە گشـــت کتێبەکانی تر جیادەکرێتەوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەتەوەی کورد هەڵگری ئایینی ئیسـلامە. قورئان لە ئیسـلامدا بریتییە لە وتە و ڕاسـپاردەی خوا کە نێردراوە بۆ پێغەمبەری ئیســلام (موحەممەد). موســڵمانان پێیانوایە کە خوێندنەوە و گوێگرتن لە قورئان و کارکردن پێی هەمووی خواپەرســتییە و موســڵمان لە خوا نزیک دەبێتەوە. قورئان ئەو ناوەی لێنراوە بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێک ئایەت و سورەتی زۆر لەخۆدەگرێت و کۆیان دەکاتەوە. قورئان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات بۆ موسڵمانان و ئەخلاقی موسڵمان لەخۆدەگرێت. زۆر ئامۆژگاری و پەند لە ژیانی پێشـینەکان باس دەکات، خەڵک ئاگادار دەکاتەوە لە سـزای ئاگر لە ڕۆژی دواییدا، لەگەڵ زۆر بابەت و لێدوانی تر.

ئەو پەندانەی کەریان تێدایە، ڕەگیان لە زماندا چەســـپاندووە، کە ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی کولتووری و هەڵوێســتی کۆمەڵایەتییە بەرامبەر بە هەندێک ڕەفتار یان ســیفەت. ئەم دەربڕینە زمانەوانییانە وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی ڕەخنە یان هەر بابەتێکی تر بەکاردێت. کەر لە پەندی پێشـــینان بەگوێرەی کولتوور و خاســـیەتی کەر بەکاردێت. کەر زۆرجار وەک ڕەمزی (چەقبەستوویی، گەمژەیی، یان سادەیی ...هتد) بەکاردێت.

کەر بە توانای چوون و گەیشـــتن بۆ ناوچە ســـەختەکان و هەڵگرتنی باری قورس ناســـراون، ئەمەش وایکردووە ببنە ســـەرمایەیەکی بەنرخ بۆ گوندنشـــینەکان. زۆرجار لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا بۆ ئەرکەکانی وەک گواستنەوەی ئاو و بەروبووم و دار بەکاردەهێنرێن.

ئەم پەندە وێنەی نەزانی و گەمژایەتی پیشـــاندەدات، کە تیادا کەر وەک ڕەمزی دواکەوتوویی و گەمژایەتی دەرکەوتووە، لە کۆمەڵگای کوردیدا ئاژەڵی (کەر) بەچاوێکی زۆر کەمەوە ســـەیر دەکرێت، بۆیەش کاتێک ناوی ئەم ئاژەڵە بۆ کەسـێک بەکاردێت، دەبێتە مایەیی ســووکایەتی بۆ کەسەکە. لەکاتێکدا ناوی ئاژەڵێکی تری وەک (شێر) دەبێتە مایەی ئازایەتی و زیرەکی بۆی.

ئەم پەندەی ســەرەوەی ڕەخنە لەو کەســانە دەگرێت، کە هەمیشـــە نەزانن و هیچ شــتێک یان قسـەیەک نایانگۆڕێت. بۆیەش وشـەی (کەر) بەکاردەهێنرێت، چونکە (کەر) تاکوو کۆتایی تەمەنی هیچ شـتێک نایگۆڕێت، بۆیە لە ڕێگەی ئەم میتافۆرە کە وشـــەی (کەر)ە پەیامەکەیان گەیاندووە. ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە کەر بچێتە هەر شوێنێک هەر کەرە، چ شوێنێکی پیرۆز بێت یان هەر شــوێنێکی تر، بەڵام لەم پەندەدا بۆیە وشـــەکانی (قورئان و مەککە) بەکارهاتوون، چونکە بەلای تاکی کورد و موســڵمانەوە زۆر پیرۆز و گەورەیە، وە کاریگەریان لەســـەر ژیانی خەڵک هەیە. ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم پەندە ئەوەیە کە ئەو کەسەی پەندەکەی بەسەردا دەگوترێت بگۆڕێت، چونکە ئەو بارودۆخەی ئەو تیایدایە خراپە و نابێت بەمشێوەیە بەردەوامبێت.

# ئەنجام

## ئەنجام:

گرینگترین ئەو ئەنجامانەی کە لەم لێکۆڵینەوەدا بەدەستمهێناوە ئەمانەن:

1. پەندی پێشینانی کوردی شێواز و سیستەمی ڕابردووی نەتەوەیەک نیشاندەدات. هەروەها جەخت لەسەر چەندین بابەتی گرینگ دەکاتەوە، ڕەخنەش لەو بابەت و بارودۆخە کۆمەڵایەتییە خراپانە دەگرێت، کە بەرۆکی کۆمەڵگا دەگرن و بەرەو دواوەی پەلکێش دەکەن، بە ئامانجی باشبوونیان.
2. پەندی پێشینانی کوردی فرەڕەهەندە، باس لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان دەکات، هەروەها پەندەکان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵگان، بۆیە دەق وەک موڵکی کۆمەڵگا و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینرێت. ئەم میتۆدە هەوڵی ئەوە دەدات ئەدەب و کۆمەڵگا بەیەکەوە پەیوەست بکات و ئەوە بخاتەڕوو ئەدەب ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایە بەگشتی و نووسەر بە تایبەتییە. بۆیە لەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە، کە ئەدەب بە کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە و هەوڵی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیان دەدات و سەرئەنجام ئەدەب بە زادەی کۆمەڵگا و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینرێت کە وابەستەی کۆمەڵگایە.
3. ئایینی ئیسلام کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پەندی پێشینانی کوردی هەبووە، ئەمەش لە پەندەکاندا بەدەردەکەوێ، هۆکاری ئەمەش بۆ پەیڕەوکردنی ئایینی ئیسلام لەلایەن نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە.
4. بەپێی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، لە پەندی پێشینانی کوردیدا ئاوڕێکی زۆر لە ڕابەرایەتی دراوەتەوە، بۆ ئەمەش پەندی زۆر هەن، کە دەلالەت لەم بارودۆخە دەکەن، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ڕابردوودا ئەم کێشەیە زۆر ڕوویداوە و بەرۆکی کۆمەڵگای کردووە، لە ڕێگەی ئەم پەندانەوە ڕاستی بابەتەکەیان وێنە کردووە و خەڵکیان لە خراپی ئەم کارە ئاگادارکردۆتەوە.

5. له پەندی پێشینان‌دا بەشێوەیەکی فراوان سوودیان لە مێتافۆڕ وەرگرتووە، بۆ پیشاندانی بابەتەکان لە شێوەی لێکچوواندندا، بەبێ مێتافۆڕ پەندەکان لەڕووی ئیستاتیکا و مۆسیقا و وێنەوە لاواز دەبن، بۆیە بەکارهێنانی مێتافۆڕ لە پەندەکان گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە.
6. بەشێک لە پەندەکان بە ناراستەوخۆ ڕەخنە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەگرن، لە ڕێگەی پەندەکانەوە دەیانەوێ کەموکوڕییەکان پیشان بدەن بۆ ئەوەی ئاگاداربن. هەروەها بەشێکی تری پەندەکانیش بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕەخنە دەگرێت، لەکاتی قوڵبوونەوە لە پەندەکان بەدیار دەکەون.
7. پەلەکردن یەکێکە لەو بابەتانەی لە پەندی پێشینانی کوردیدا جێگایەکی فراوانی داگیرکردووە، لەبەر ئەمەشدا پەندێکی زۆر بۆ ئەو کەسانە دەگوترێ، کە زۆر پەلە دەکەن، زۆری پەندەکان لەم بوارەدا ئەوە دەگەیەنێت، کە کۆمەڵگای کوردی بەدەست پەلەکردنەوە دەناڵێنێت.

# لیستی سەرچاوەکان

## لیستی سەرچاوەکان:

### کتێبەکان:


1. بەسام قەطوس، وەرگێرانی (د. محەمەد تاتانی و هشیار زەکی) دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ.
2. بەکر کانی هەمزەیی (٢٠١٢) پەندی پێشینان بە هۆنراوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
3. حەمە مەنتک (٢٠١٨) میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نووسینگەی تەفسیر.
4. خەلیل موحەممەدی (١٣٩٤) زەردی دەم کەل، دانشتگاه کوردستان، چاپی یەکەم، سنە، کانی کتێب.
5. دکتۆر ئیدریس عبداللە (٢٠١٤) ئەدەبی میللیی و فۆلکلۆریی، بەرگی دووەم، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
6. ڕێبوار جەمال سەگرمە (٢٠٢٣) کوڕەکەچەڵ لە فۆلکلۆری کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
7. ڕێبوار محمد مەلازادە (٢٠٢١) زانستی دەق لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.
8. زامدار ئەحمد (٢٠٢١) پەندی کوردی شوناسی نەتەوەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندەی بڵاوکراوەی سارا.
9. شوکریە ڕەسوول و جلال تەقی (١٩٨٤) پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، چاپکراوی ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوان.
10. شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠٠٧) پەندی پێشینان، چاپی چوارەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

11. عمر شـــێخ الله دەشـــتەکی (١٩٨٠) پەندی کوردی، چاپی یەکەم، بەغداد، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
12. عیزەددین مســـتەفا ڕەســـوول (٢٠١٠) لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر، دەزگای ئاراس.
13. فایەق هوشـــیار و هاوڕێکانی (٢٠٠٧) ســـەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان.
14. کەمال مەعروف (٢٠١٢) تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، سلێمانی چاپخانەی لەریا.
15. هیمـداد حوســـێن (٢٠٢٠) ئەدەبی نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، نـاوەنـدی ڕۆشنبیریی ئاوێر.
16. ئاوارە کەمال ســـالح (٢٠١٢) ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پڕاکتیزەکردنی لە شـــیعرەکانی گۆران، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

**نامەکان:**

1. کارزان کەریم ئەمین (٢٠٠٩) ئاراستەکانی ڕەخنەی شیعری کوردی، نامەی ماستەر، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین.
2. ئاســۆ عومەر مســـتەفا (٢٠١٩) ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شـــیعریی لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٢٠-١٩٧٠) نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆیی سلێمانی.
3. صـــدیق اورحمان علی (٢٠٢٢) بنەمایی بیری هونەریی لە پەندە شـــیعرییەکانی پیرەمێردا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
4. زبیر احمادی و حریز بکار (٢٠٢٠) الامثال و الحکم فی (وادی ســـوف)، جامعه شـــهید حمه لخضر، الوادی، الماجستیر، کلیه الاداب و اللغات، قسم اللغه و الادب العربی.

**گۆڤارەکان:**


1. ســــردار فـایەق مجیـد و عیمـاد شـــکور محمود (٢٠٢١) میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعری هێمنی موکریاندا، توێژینەوە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.


**بەستەرەکان:**


1 . https://www.masterclass.com/articles/social-criticism#7gOROEto8ZLTr64DWjFZiw

2 . https://library.cityvision.edu/why-you-should-care-about-social-criticism

3 . https://www.masterclass.com/articles/social-criticism

4 . https://zaniary.com/blog/6051dfbb1c8e4/%D8%B4%DB%8E%D8%AE-%D9%85%D8%AD%DB%95%D9%85%DB%95%D8%AF%DB%8C-%D8%AE%D8%A7%DA%B5

5 . https://gulanmedia.com/so/story/298234/%D9%BE%DB%8E%DA%AF%DB%95-%D9%88-%D8%AA%D9%88%D8%A7%D9%86%D8%A7%DB%8C-%D8%A6%D8%A7%D9%81%D8%B1%DB%95%D8%AA-%D9%84%DB%95-%D9%83%DB%86%D9%85%DB%95%DA%B5%DA%AF%DB%95%DB%8C-%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%DB%8C%D8%AF%D8%A7

6 . https://www.edweek.org/leadership/what-is-critical-race-theory-and-why-is-it-under-attack/2021/05

# ناوەڕۆک


سوپاس و پێزانین ........ 1

پێشکەشە بە ........ 2

پێشەکی ........ 3

بەشی یەکەم ........ 7

دەروازەیەک بۆ میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ........ 8

چییەتیی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ........ 14

گرینگی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ........ 20

بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ........ 23

سوودەکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ........ 26

١. گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش دەبات ........ 26

٢. هاندانە بۆ بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە ........ 26

٣. بەدەرخستنی دیاردە پەراوێزخراوەکان ........ 26

٤. چاکسازی ........ 26

٥. وتووێژکردن ........ 26

٦. دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بەهێز و نوێ ........ 27

٧. بونیادنانی کۆمەڵگایەکی نوێ و بەهێز ........ 27

٨. بەرزکردنەوەی وشیاری کۆمەڵایەتی ........ 27

کەموکوڕییەکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ........ 28

بەشی دووەم ........ 30

پەندی پێشینان ........ 31

چۆنیەتی دروستبوونی پەندی پێشینان ........ 36

گرینگی پەندی پێشینان ........ 38

دەتوانین سوود و گرینگی پەندی پێشینان لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە: ........ 39

١. میرات و ناسنامەی کۆمەڵگایە.......... 39
٢. ئامرازی پەروەردەییە.......... 39
٣. ڕێنمایی کاری باشە .......... 40
٤. چارەسەرکردنی کێشەکان.......... 40
٥. کاریگەریی ئەدەبی و هونەری .......... 40
تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینان.......... 41
١. کورتی و پوختی.......... 41
٢. پیشاندانی ڕاستییەکان.......... 41
٣. زمانی ڕەوانبێژی.......... 42
٤. ڕیتم و ئاواز.......... 42
٥. بێخاوەنی .......... 43
٦. جێگیری و چەسپاوی.......... 43
بەشی سێیەم.......... 44
پڕاکتیزەکردنی ڕەهەندی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە پەندی پێشینانی کوردیدا.......... 45
ئەنجام:.......... 77
لیستی سەرچاوەکان: .......... 80

# The dimensions of social criticism in kurdish proverps: shiekh mohammadi khal,s proverbs as an example



ئاخری عومر و هەوەڵی ترۆیی

ئەگەر بە ماڵی، بە مام و خاڵی، ئەگەر بێ ماڵی بە بیت المالی

ئەگەر قەلەڕەش ڕێ نیشاندەر بێ، ئەبێ گەورە هەر دەربەدەر بێ

بارێ قورئان بنێن لە کەرێ، بیبەنە مەککە و بیهێننەوە هەر کەرە